گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper24
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٥/٠١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٧/٠٣
ڕێکەوتی بلاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە شاری خەبات و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی

**ساکار بهاء الدين المدرس[١] - هێڤی عبدالله عزۆ[٢]**

[٢+١]بەشی جوگرافیا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

hevi.abdullah1990@gmail.com sakar.abdulla@su.edu.krd

**پوختە :**

دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی بە یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی ژینگەی شارنشینی هەژماردەکرێت، ئەم دیاردەیە ئاویتەیەکی ئالۆزە و چەندین گرفتی جۆراجۆر لە نێو شــــارەکان دروســـــتدەکات و خێرا پەرەدەسـێنێت، بۆیە شــارەزایان بە فراوانبونی شـێرپەنجەیی ناوی دەبەن. شــاری خەبات بە هۆی گرنگی ستراتیژی و ئابوری شـوێنەکەی لەم دیاردەیە بەدەرنەبوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەش چارەسـەرکردنی ئەم دیاردەیە بە بەکارهێنانی شـێوازەکانی پلاندانان وئاماری پێشـکەوتو. توێژینەوەکە سـێ گریمانە دەخاتەڕو، گرنگترینیان ڕێگا ئامارییەکان کە توانای چارەسـەرکردنی گرفتی توێژینەوەیان هەیە، لە ڕێگای دەرخسـتنی ئاسـتەکانی. بە مەبەسـتی هاتنەدی ئامانجی توێژینەوەکە و بە پشـتبەسـتن بە میتۆدی هەڵهێنجاندن، پلانی توێژینەوەکمان پێکهاتوە لە پێشــەکی و چوار تەوەر، تەوەری یەکەم چوارچێوەیەکی تیۆرییە ســەبارەت بە دیاردەکە، تەوەری دوەم جەخت لەسـەر جیاوازی شـوێنی دیاردەکە دەکات، هەرچی تەوەری سـێیەمە باس لەو فاکتەرانە دەکات کە کاریگەری لەسـەر تەشـەنەکردنی بابەتی توێژینەوەکە هەیە لە شـاری خەبات، دوا تەوەریش باس لە ڕێگەکانی چۆنیەتی چارەســـــەرکردنی دیاردەکە دەبینێتەوە، توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێک کۆتاییدێت لە گرنگترینیان دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی لە هەمو لە گەڕەکەکانی شـاری خەباتدا بونی هەیە، بەجۆرێک 37%ی کۆی دانیشـــتوان، 44%ی کۆی خانو، 44,3%ی کۆی ڕوبەری

شـاری خەبات پێکدەهێنن لەسـاڵی 2021دا، و دروسـتکردنی داتابێیسـێکی ورد لە دامودەزگای حکومەت و جێبەجێکردنی یاساکانی سزادانی زێدەرۆییکار لە گرنگترین ڕاسپاردەکان بو.

**کلیلی وشەکان** : نیشتەجێبونی هەڕەمەکی، زێدەرۆییکردن، ناوچە پلانبۆدانراوەکان، شاری خەبات.

## پێشەکی :

ماستەرپلانی شار وەکو نەخشەیەکی ڕێگانیشاندەر هەژماردەکرێت شار بەرەو ئاراستە گونجاوەکانی دەبات و هەربەکارهێنانێکی زەوی لەشـــوێنی گونجاوی خۆی جێگیردەکات، ئەمانەش هەموی بە ئامانجی دابینکردنی ئاسـتێکی بەرزی خۆشـگوزەرانییە بۆ هاونیشـتمانی شـارنشـینی، بەڵام کاتێک فاکتەرێک دەبێتە هۆی نەپێکانی ئەم ئامانجە و تێکدانی مۆرفۆلۆجیای شـار جێگیربونی بەکارهێنانەکانی زەوی بەبێ پلانەکی پێشـوەختە، ئەوە کاردەکاتە سـەر دروسـتکردنی ئاسـتەنگ بەرامبەر ئاراسـتەکانی فراوانبونی شـار و جێبەجێنەکردنی ئەو پلانانەی کە وێنەی بۆ کێشرابو لە ماستەرپلان، ئەو فاکتەرەش بریتییە لە بڵاوبونەوەی دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی تیایدا، لە دەرئەنجامی گرینگی پێداویسـتی بۆ نیشـتەجێبون وەکو هەر پێداویستێکی تری مرۆڤ بۆ خواردن و پۆشاک.

دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی لەئەنجامی زێدەرۆیکردن دروسـتدەبێت لەسـەر زەوی دەوڵەت زیاتر لە دەوروبەری لێواری شـــار و لەشـــوێنە بەتاڵ و بەکارنەهێنراوەکانی شـــار، بەپێشـــێلکردن و بەکەمزانینی یاســـاکانی دەوڵەت هەژماردەکرێت. ئەم دیاردیە ئاوێتەیێکی ئاڵۆزە بە هۆی چەند فاکتەرێکی سروشتی و دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، هەربۆیە دەرئەنجامەکانی گرفتی ئاڵۆز و بەرفراوان و کاریگەری قوڵ بۆشار دروست دەکەن لەهەمو ئەو بوارانەدا.

ئەم دیاردەیە زیاتر لە وڵاتە دواکەوتوەکان وتازە پێگەیشـــتوەکان بەربڵاوە، لە ڕاپۆرتەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ نشـینگە مرۆییەکان (Habitat) هاتوە کە نزیکەی 30% لە دانیشـتوانی ژینگەیی شـــارنشـــینی لەجیهاندا لە ناوچە هەڕەمەکیەکان لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری ســـەختدا دەژین، هەروەها لە وڵاتە عەرەبییەکان تا سـاڵی 2001 (20% _30%) دانیشـتوانی شـارەکانیان لەناوچە هەڕەمەکییەکان ژیان بەسـەر دەبەن (أبوحلو،2006، 1). لەسـەر ئاستی عیراقیشدا توێژینەوە ئەکادیمیەکان ئاماژە بە زیادبونی ئەم دیاردەیە دەکەن دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عیراق لەساڵی 2003دا، شارەکانی هەرێمی کوردســـتانیش بەدەرنین لەم کێشـــەیە، بەڵکو شـــارەکانی هەولێر و دهۆک و کۆیە و ســـۆران و ناوچەی توێژینەوە بەشێکی باشیان بەرکەوتوە.

بەهۆی شوێنی ستراتیجی شاری خەبات وەکو ناوچەیەکی بەیەک بەستنەوەی پارێزگای هەولێر، بە پارێزگای نەینەوا، بونی دەرامەتی سروشـتی تیایدا گرینگی پیشـەسـازی و بازرگانیەکەی زیادیکردوە بۆتە

کرۆکێکیش بۆ ڕاکێشـانی دانیشـتوان، بەتایبەتی دانیشـتوانی زێدەرۆیکار بۆ زامنکردنی پارچە زەوییێک لەم شارەدا، لێرەوەش چیرۆکی ئەم گرفتە دەستپێکرد.

- **گرینگی توێژینەوە**: دروسـتکردنی داتابێیسـێکی ورد و فراوان لەسـەر شـارێک کە بۆ یەکەم جار لەبواری جوگرافیای شـار توێژینەوەی لێوەبکرێت، هەروەها ئەم داتابێیسـە سـودی دەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار تا بڕیارێکی دروسـت بدرێت بۆ چارەسـەرکردنی گرفتەکە. هەروەها توێژینەوە لە بواری نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی، زانسـتی جوگرافیا دەبەسـتێتەوە بە زانسـتی پلاندانان و پەرەپێدانی شـارنشـینی، چونکە بۆ چارەسـەرکردنی پێویسـتی بەچەند پرۆژەیەکی پلانبۆدانراو هەیە کە لە دەرئەنجامدا پەرەپێدان ڕودەدات و بارودۆخی شارەکە لەبارێک بۆ بارێکی باشتر دەگۆڕێت، واتا پەیوەندی ئامانجە بەشێوازی جێبەجێکردنی، کە هەردوکیان پێویستیان بەڕوپێوی کەتواری دیاردەکە هەیە لەشار ئەمەش کاری جوگرافیناسانە.
- **گرفتی توێژینەوە**: زیادبون و بڵاوبونەوەی دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی لەنێو ماسـتەرپلانی شـاری خەبات بە ڕادەییێک ڕکابەری لەگەڵ ناوچەکانی ئاواکاری پلانبۆدانراو دەکات لە ڕوی داگیرکردنی ڕوبەرەوە، و بۆتە هۆی دروسـتبونی ناهاوسـەنگی لە دابەشـبونی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاونیشـتمانی شـار، هەڵبەتە بەبێ هۆکارنەبوە تا بەگوێرەی هۆکارەکان و ئاسـتی هەڕەمەکی ناوچەکان چارەسەری بۆ دابنرێت چونکە ڕێگاچارەسەریەکانی حکومەت دوربوە لە بەکارهێنانی شـێوازەکانی پلاندانانی شـارنشـینی و بەکارهێنانی ئاماری پێشـکەتو، جگە لە کاریگەریە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە لەسـەر بارودۆخی ژینگەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەمنیدا، ئەمانە ئاسـتەنگ بەرامبەر بەرەوپێشبردنی پێگەی ئابوری شارەکە دروست دەکەن.
- **گریمانەی توێژینەوە:**

ـ ئەو ڕوبەرەی دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی داگیری دەکات لە شـاری خەبات زیاترە بەراورد بە ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراو.

ـ گۆڕاوە ئاواکارییەکان پلەی یەکەم داگیردەکات لە نێو گۆڕاوەکانی توێژینەوە، کە کاریگەری لەسـەر دەرخستنی جیاوازیە شوێنییەکان هەیە لە نێوان ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکیدا.

ـ ڕێگا ئامارییە پێشـکەوتوەکان توانایان هەیە چارەسـەری دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی بکەن لە ڕێگای دەرخستنی ئاستەکانیان.

- **ئامانجی توێژینەوە**: دۆزینەوەی چارەسەری پلانبۆدانراو و گونجاو بۆ دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەشـاری خەبات لەئیسـتادا بەپشـتبەسـتن بە ئاماری پێشـکەوتو، و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە لە داهاتودا، هەروەها پەرەپێدانی جۆری ژیانی شارنشینی لە شارەکەدا.

- **میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی به میتۆدی (ئیستقرائی) بەستوە کە لەبەشە بچوکەکانی تایبەت بەدیاردەکە دەستپێدەکات و بە بەشی گشتگیری کۆتایی دێت، واتە ئەم جۆرە توێژینەوانە دەرفەت بەدەرئەنجامەکان دەدەن کە ڕاستیەکان بەدیاربێخن، ئەمەش لەڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەسەر دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی و دواتر شیکردنەوەی ئەو زانیاریانە کە وێنەی گشتگیری کۆتایی ئەم دیاردەیە ئاشکرا دەکات، بەبەکارهێنانی هاوکێشە بیرکارییەکان و ڕێگای شیکردنەوەی فاکتەری لە پرۆگرامی SPSS و بەکارهێنانی دەرئەنجامەکانی لەکاتی وەسف و شیکردنەوە و بەراوردکاری شوێنی پەیوەست بە دیاردەکە.
- **هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:** یەکەمیان: نەبونی هیچ توێژینەوەیەکی پێشتر لەبواری زانستی جوگرافیای شار لەسەر ناوچەی توێژینەوە و بابەتەی توێژینەوە بەتایبەتی. دوەمیان: چارەسەرکردنی بابەتی توێژینەوە ئەرکێکی نیشتیمانی و مرۆڤایەتییە چونکە گرفتی ئەمنی لێکەوتۆتەوە بەهۆی بەرەوڕوبونەوەی نێوان هێزە ئەمنیەکان و دانیشتوانی زێدەڕۆیکار.

**سەرچاوەی داتا و زانیاریەکان:** پێکهاتوە لە سەرچاوەی تیۆری وەکو توێژینەوەی زانستی و نامەکانی ماستەر و تێزی دکتۆرا. جگە لە سەرچاوەی فەرمی وەکو داتا و زانیارییە جیاجیاکانی فەرمانگە و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و نەخشەو ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها سەرچاوەی گۆڕەپانی کە بریتیبو لەسەردانی دامودەزگای حکومی و چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ کەسانی پسپۆر، جگە لە دابەشکردنی 355 فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2022/3/9) دەستپێکرد لە (2022/7/3) تەواوبو
.

- **سنوری شوێنی و کاتی توێژینەوە**: سنوری شوێنی توێژینەوە بریتییە لە شاری خەبات کە سەنتەری قەزای خەباتە لەپارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەبارەت بەسنوری کاتی بریتییە لە هەردوساڵی 2021 و 2022.
- **سەرچاوەی پێشو:** لە خوێندنەوەی چڕی سەرچاوەکانی پێشو سەبارەت بەبابەتی توێژینەوە، دەرکەوتوە کە بەرەو چەند ئاراستەیەک ڕۆیشتوە، ئەو ئاراستانە دەگۆڕێن بەپێی جۆری توێژینەوە و پسپۆری توێژەران و تەرزی میتۆدی توێژینەوەکانیان وەک ئەمانەی خوارەوە:

<u>ئاراستەی یەکەم:</u> ئەو توێژینەوانەی کە گرینگیان بەدیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی داوە وەکو جۆرێک لەجۆرەکانی زێدەڕۆییکردن لەسەر ماستەرپلانی شارەکان لەنێو زێدەڕۆییەکانی تری بەکارهێنانی زەوی، وەک توێژینەوەی (الذیابی) لەسەر شاری ڕومادی کە تیایدا تایبەتمەندی و هۆکارەکان و کاریگەری

دیاردەی زێدەرۆیکردنی هەمو بەکارهێنانەکانی تیشکی خراوتە سەر بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی.(الذیابی 2020، 2_ 16)، هەمان ئاراستەی هەبوە توێژینەوەی (الجیاشی، و والي، 2019، 1_24).

ئاراستەی دوەم: ئەو توێژینەوانەی کە گرینگیان بەدیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی داوە وەکو یەکێک لە گرفتەکانی ژینگەی شارنشینی، وەکو گرفتی زبڵ و خاشاک و ئاو هەژاری و پیسبونی هەوا و...هتد، بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی تایبەت بەهەمو گرفتەکان، و لەکۆتایدا هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدرێت، وەکو توێژینەوە (حمید) لەسەر شاری ڕفاعي.(حمید، 2020، 19 _ 29). و توێژینەوەی (الشمري) لەسەر شاری حلة لەعیراق لە (شیکردنەوەی Swot) بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی خاڵی بەهێز و لاوازی ناوچە زێدەرۆییەکان.(الشمري، 2010، 1_ 184).

ئاراستەی سێیەم: ئەو توێژینەوانەی کە میتۆدیان تەنها لایەنەێکی ئەم دیاردە دەخەنە بەرباس و توێژینەوە وەکو ئەو توێژینەوانەی کە گرینگی بە تایبتمەندییەکانی ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی دەدەن بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی وەکو توێژینەوەی الموسوي لەسەر شاری عمارە. (الموسوي، 2018، 238 _252)، یاخود ئەو توێژینەوانەی کە تیشک دەخەنە سەر هۆکارەکانی دروستبونی ئەو ناوچانە وەکو توێژینەوەی (عبدمجید) لەسەر شاری کەربەلا.(عبدالمجید، 2014، 184 _199)، یاخود ئەو ئاراستەیەی کە گرینگی بە کاریگەریەکانی ئەو ناوچانە لەسەر ژینگەی شارنشینی دەدات وەکو کاریگەری نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەسەر خزمەتگوزارییەکانی شاری کازمیە.(کنزاع، والخربي، 2016، 740_ 777)، هەروەها هەندێک توێژینەوە گرینگیان بە پرۆسەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە دەدەن وەکو توێژینەوەی الصرفندي لەسەر شاری غەزە لە فەلەستین. (الصرفندي، 2011، د_غ). هەروەها توێژینەوەی (أبو هیجاء) لەسەر شارەکانی وڵاتی ئوردن. (أبو هیجاء، 2001، 9_58).

ئاراستەی چوارەم: ئەم ئاراستەیە سەیری دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی دەکات بەدیدێکی گشتگیرانە واتە هەمو یاخود زۆربەی لایەنەکانی ئاراستەی سێیەم لەخۆدەگرن جگە لە دورایی مێژویی دروستبونی دیاردەکە و بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، وەکو توێژینەوەی (القرعاوي) لەسەر شاری کوفە. (القرعاوي، 2014، 1_151). و لەسەر شاری ئەسکەندەریە لەمسر. (عبدالعظیم، 2005، 1_111).

ئاراستەی پێنجەم: ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کراوە وەکو توێژینەوەی (سعید) لەسەر شاری کۆیە کە ئاراستەی سێیەمی هەلبژاردوە و هەندێک لەلایەنەکانی ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی ڕوندەکاتەوە و بەتایبەتی دورایی مێژویی و دابەشبونی جوگرافی و هۆکارەکانی دروستبونی دیاردەکە. (سعید،2019، 103_116). کەچی توێژینەوەی (أحمد) لەسەر شاری کەلار ئاراستەی توێژینەوە گشتگیرەکانی گرتۆتەبەر بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی و هاوکۆڵکەی پێیرسۆن بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە.(أحمد، 2016، ل1_ 151).

لەکۆتایی ئەم ئاراســتانە ئەم توێژینەوە ئاراســتەی چوارەم دەگرێتە بەر چونکە گرنگی بە چۆنیەتی دابەشــبون و هۆکاری دروســتبون و چۆنیەتی چارەســەری ئەو ناوچانە دەدات، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەبەکارهێنانی ڕێگا ئامارییەکان ناوچە هەڕەمەکییەکان دەکات بەچەند ئاســتێک بۆ ئەوەی چارەســەرکردنی بەشــێوازی بیرکاری و پێوەنەکراو دور لەمەزندەکردنی وەســفی بێت تا زیاتر گونجاوبێت لەگەڵ کەتواری ناوچەکانی هەڕەمەکی.

- **پلانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باس لە چەمکی بابەتی توێژینەوە دەکات و ڕێگاکانی چارەســەرکردنی، کەچی لەتەوەری دوەم جەخت لەســەر جیاوازی شــوێنی بابەتی توێژینەوە دەکات لەشــاری خەبات کە تیایدا شــوێنی جوگرافی شــارو دابەشــبونی جوگرافی ناوچەکانی هەڕەمەکی ڕون کراونەتەوە، لەتەوەری ســێیەمدا باس لە هۆکارەکانی دروســتبون و پەرەســەندنی دیاردەکە دەکات، لەتەوەری کۆتایدا چۆنیەتی چارەســەرکردنی بەبەکارهێنانی ئاماری پێشکەوتو دەخرێتە بەرباسی توێژینەوە، دواتر بەچەند دەرئەنجامێک و ڕاسپاردەیەک توێژینەوەکە دەگاتە پێکانی ئامانجەکانی خۆی.

## 1- چەمکی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی

### 1-1 چەمکی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی:

چەمکی نیشــتەجێبونی هەڕەمەکی جیاوازە لەنێوان توێژەران و وڵاتان بەهۆی جیاوازی لە پســپۆری زانستی نێوانیان یاخود خودی ئەم دیاردیە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر، چەندین چەمکی زانستی بەکارهاتوە بۆ دەربڕین لەم دیاردەیە وەکو زاراوەی (گەڕەکی کۆریتەکان و پلێتەکان _ أحياء العشــش والاكواخ) (عطوي،2003، 217) (وهيبة،1980، 199)، یاخود (العشوائيات السكنية، السكن العشوائي) نیشتەجێبونی هەڕەمەکی (زنكنة، 2013، 12) (الموســوي، 2018، 299)، جگە لەوانە زاراوەی (التجاوز الســكني أو الحضري-زێدەرۆیەکانی نیشتەجێبون یاخود زێدەرۆییەکانی شارنشینی) هەڵبژاردەی توێژەریترن (هادي، و حســين، 2019، 246)، یاخود پێی دەوترێت ( شــاری کارتۆنەکان - مدن الكرتون) (صــافيتا، وعطية، 2006، 398). و لــە زمــانی ئینگلیزیــدا زیــاتر زاراوەکــانی (Squatter SettlementS ،Slums، Unplanned Settlements (گەڕەکە هەژارنشــینەکان، نشــینگە هەڕەمەکیەکان، نشــینگە پلان بۆ دانەنراوەکان) بەکارهاتوە(Pacione, 2002, 493).

بەهۆی جیاوازی تێڕوانینی توێژەران بۆ پێناســەکردنی ئەم زاراوەیە دەتوانرێت چەمکەکان پۆلێنبکرێت بەپێی ئاراســتە و دیدی توێژەران و وڵاتان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان، بۆنمونە لە دیدی

یاساییەوە (بریتییە لەو ناوچانەی کە نابێت بینای لەسەر دروست بکرێت وەکو زەوی کشتوکاڵی و زەوی موڵکی دەوڵەت کە پلانی بۆدانەنراوە، لە ڕوانگەی (زنکنة) هەر بیناکردنێک بەپێی ڕێنمایی یاسای نەبێت بەهەڕەمەکی هەژمارەکرێت کە خۆی لەچەند بارودۆخێک دەبینێتەوە (ئەو خانوانەی دروستکراوە لەسەر زەویێک بۆ نیشتەجێبون تەرخاننەکراوە وەکو زەوی کشتوکاڵی و گۆرستانەکان ئەو خانوانەی کەرەستەی بینای خراپ و کاتی دروست کراوە وەکو پلێت و کارتۆن، ئەو خانوانەی دروستکراوە لەسەر زەوێکی زەوتکراو لەدەرەوەی شار بێت یاخود ناوەوەی) (زنكنة، 2013، 73).

لە ئینسکلۆپییدیای زاراوەی جوگرافیدا جەختی لەسەر دیدی ئاواکاری کردوە بەوەی کە (بریتییە لە ناوچەیەکی نیشتەجێبونی چڕ وئاستێکی نزم لە کوالیتی ئاواکاری، جەنجاڵ بەدانیشتوان لەچەندین وڵاتانی تازە پێگەیشتو ئەم دیاردەیەش دروست دەبێت لە ئەنجامی داگیرکردنی ناشەرعی زەوی میری و یاخود زەوی بێ خاوەنداریەتی، لەئەنجامی کۆچکردنی لادێ نشینان لەلادێ بۆشارەکان بەچەند شەپۆلێکی یەک لەدوای یەکدا (Hanks, 2011, p320). بەڵام لە ڕوانگەی ئابوری کۆمەڵایەتییەوە هەندێک لە توێژەران وەسفی دەکەن وەکو کۆمەڵە گەڕەکێک کە زۆرینەی دانیشتوانی هەژاری تیایدا نیشتەجێیە، بەڵام لەڕوی تەونی کۆمەڵایەتی گونجاون و دانیشتوان لە شوێنی جیاجیا کۆچیان بۆ ئەو شوێنە کردوە (مهدي 2011، 11)، هەروەها چڕی دانیشتوان و تێکڕاکانی نەخوێندەواری وبێکاری و چەشنەکانی تاوان و هۆگری تیایاندا بەرزە (عبد العظيم، 2005، 3).

کەچی لە دیدی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو (UN Habitat) لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2020 ناوی ناوە (Informal Settlement) کە ئاستی کوالیتی نیشتەجێبونی نزمە، و هەژارنشینن، لە شوێنی مەترسیدار دروست دەبێت، دورن لەخزمەتگوزاری، ئەو ناوچانە فرواندەبن لەسەر زەوی کشتوکاڵی بەشێوەی سەرپێچی (UN Habitat, 2020, 20). هەڵبەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بڕیاری پەرلەمانی کوردستان (یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2018 ) پێناسەی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی دەکات بەوەی هەر بیناکردنێک لەسەر زەویوزاری دەوڵەت و زەوی نێو سنوری شارەوانیەکان (نێو نەخشەی بنەرەتی) بە زێدەڕۆ هەژماردەکرێت وقەدەغەیە (پەرلەمانی کوردستان، 2018).

لەسەر بنەمای چەمکەکانی پێشو دەتوانرێت پێناسەی ئەم دیاردەیە بکرێت بەوەی کە (بریتییە لە کۆبونەوەی کۆمەڵێک خانو لە ڕوبەرێکی بچوک یان فراوان بەبێ مۆڵەتی فەرمی دەوڵەت و بەپێچەوانەی ڕێنمایی یاساکانی پلاندانانی شارنشینی بەخێرایی و لەناکاو لەنێو گەڕەکەکانی شار یاخود لێوارەکەی یان لەدەرەوەی سنوری شارەوانی لەسەر زەوی کشتوکاڵی، یاخود کاتێک گوندەکان دەکەوێتە سنوری شارەوانی بەدیل دەگیرێت. لە ڕوی تەرزی نیشتەجێبون و ئاستی خزمەتگوزاری، تەونی ئاواکاری، و باری

ئابوری وكۆمەڵایەتی ئاســـتێكی نزم تۆماردەكەن، هەربۆیە ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بە شـــارە كۆنەكان یاخود نوێیەكان بەڵكو دیاردەیێكی جیهانیە زیاتر لە وڵاتانی دواكەوتو و تازە پێگەیشتو بەدیاردەكەون).

## 2-1 ڕێگاكانی چارەسەركردنی ناوچەكانی نیشتەجێبونی هەڕەمەكی:

**1-2-1 شێوازی لادان و دەركردن:** بەمەبەستی لەناوبردن و پاكردنەوەی ناوچەی هەڕەمەكی و نەهێشتنی یەكەی نیشـــتەجێبون ئەم مامەڵەكردنە لەنێو خودی ئەم جۆرەدا چەند جۆری تری لێدەبێتەوە وەكو یەكەمیان شـــێوازی لادانی ســـەخت (Hard Eviction): بریتییە لەلادانی یەكجاری ناوچەی هەڕەمەكی و نەهێشـتنی و بەبێ بونی قەرەبۆ. شـێوازی دوەم بریتییە لە شـێوازی لادانی نەرم (Soft Eviction): ئەم جۆرە جیاوازترە كەمێك لەوەی پێشـــو نەرمی تاڕادەیەك تیایدا دەبینرێت، دانیشـــتوانی ناوچەكە دەگوازرێنەوە بۆ شـــوێنی تر وەكو بۆ دەرەوەی شـــار یاخود قەرەبۆكردنەوییێك بەرامبەر لادان و دەركردنیان(Feguel, 2007,p450).

ئەم گواســـتنەوەیە یاخود قەرەبۆكردنەوە بەدو ڕێگا دەبێت، یەكەمیان پێی دەوترێت ڕێگای (شـــوێن و خزمەتگوزاری _ Site and Services) كە بەپلە پلەی بەتێپەڕبونی كات دانیشـــتوان خانوەكانیان لە شـوێنێكی تر دروستدەكەن، بەواتایەكی تر ئەم پرۆسـەیە بەهاوكاری نێوان حكومەت و دانیشـتوانی ناوچەی هەڕەمەكی دەبێت، دەكرێت حكومەت بەرپرسـیاربێت لەدابینكردنی شـوێن و دابەشـكردنی زەوی بۆ دروسـتكردنی خانوەكان ودابینكردنی خزمەتگوزاری تیایدا بەپێی پێویسـت و دیاریكردنی دیزاینی خانو و مەرجەكانی ئاواكاری یاســـایی بۆ دانیشـــتوان، كەچی بەرپرســـیارەتی دانیشـتوان لەكرداری خانو دروسـتكردن لەســەر ئەسـتۆی خۆیان (مولان، 1999، 92_99). بەڵام ڕێگای دوەم پێی دەوترێت: (كرۆكی خانو _ Core Housing) ئەم ڕێگایە زۆر بەڕێگای پێشـــو دەچێت، بەڵام خاڵی جیاوازیان لەوەدایە كە حكومەت كرۆكێكی خانو لەســـەر پارچە زەویە كەرت كراوەكان دروســـت دەكات، ئەم كرۆكە بریتیە لە دروســـتكردنی تەنها تواڵێت و گەرماو یان تەنها مەدبەخ یان لەگەڵ ژورێكی نوســـتن و بەپەرژینێك ســـنوردار دەكرێت دواتر دانیشـــتوان ئەم تەلارە تەواو دەكەن (نظمي،1993، 105) .

شـێوازی سـێیەم بریتیە لە شـێوازی لادانی كاتی( Temporary Removal) لێرەدا ناوچەی هەڕەمەكی بەشـــێوەی كاتی لادەدرێ لەڕێگای لابردنی خانوی هەڕەمەكی ونیشـــتەجێ كردنیان لە شـــوێنی تر بەشـــێوەیەكی كاتی، تا ناوچەكانی خۆیان چاك دەكرێت ونوێ دەكرێتەوە دوبارە دەگەڕێنەوە شـوێنی خۆیان، (UN Habitat , 2014, p75). لەلایەكی ترەوە بەشـێك لەتوێژەران بەلادانی بەشـی یان كەرتی (الإزالة الجزئية) ئاماژەی بۆدەدەن كە پرۆســەیەكە هەڵدەسـێت بەدیاری

کردنی ئەوخانوانەی پێویستیان بەلابردنە وگەڕان بەدوای شوێنی نزیک نیشتەجێبونی خۆیان بەکاتی تاوەکو خانوی نوێ دروست دەکرێت ودەیانگەڕێنەوە هەمان شوێن جارێکی تر (الموسوي،2010، 24)،(مطلك،2016، 91).

**2-2-1 شێوازی دوبارە گەشەپێدان** ( Redevelopment ): ئەم پرۆسەیە هەڵدەستێ بەدوبارە ڕێکخستن وبەرەوپێش بردنی ناوچەی هەڕەمەکی بەمەبەستی چاکسازی کردن لە بوارەکانی (ئاواکاری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی)، بەبێ لادان بەڵام هەندێکجار پێویستی بەلادان دەبێت لەهەندێک ناوچەدا (الموسوي، 2010، 24). ئەم شێوازە خۆی لە دو شێوازی لاوەکی دەبینێتەوە، یەکەمیان پێی دەگوترێت شێوازی (چاکردنەوە _Reform)، لێرەدا دەستکاری بارستایی ئاواکاری ناکرێت واتا لانابردرێت بەڵکو چاکدەکرێتەوە بەتایبەتی خانوە خراپەکان و خزمەتگوزاریەکان وگرینگی بەلایەنی بەرەوپێشبردنی ئاستی ئابوری وکۆمەڵایەتی نادات، هەندێک خانو لادەدرێت بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاری وخانوەکان بەسەر دانیشتوان تاپۆدەکرێت (علي، 1999، 555).

شێوازی دوەمی لاوەکی پێ دەوترێت (بەرەوپێشبردن (Upgrading)) واتە بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ناوچەی هەڕەمەکی لەهەمو لایەنێکەوە (ئاواکاری، ژینگەیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی)، واتا چاکردنەوەی ناوەوە ودەرەوەی خانوەکان ودابین کردنی خزمەتگوزاریەکان، و گۆرانکاری لەبەکارهێنانی زەویەکان لەناوچەکەدا، هەروەها دابین کردنی هەلی کار بۆدانیشتوانەکەی و بەرزکردنەوەی توانای کارکردنیان و فێرکردنیان بۆپیشەی تازە و دامەزراندنی چالاکی ئابوری لەناوچەکەدا، لەهەمویان گرنگتر بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ولە ناوبردنی هەژاری وپشتگیری کردنی پرۆژەی بچوک بایەخدان بەتەندروستی وپاراستنی کۆمەڵایەتی خێزان وگۆرینی نەریتی کۆمەڵگا لەڕێگای فێرکردن و ڕاهێنان(الفولي،2007، 156_161).

## 2- دابەشبونی شوێنی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە شاری خەبات:


### 2-1 ناساندنی شاری خەبات:

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هەر دوبازنەی پانی (=0.⁻15.°36) و (=30.⁻17.°36) لە باکور، و هەردو هێڵی درێژی (=30.⁻42.°43) و (=30.⁻38.°43) لە ڕۆژهەڵات نەخشەی (1). بەگوێرەی ئەم شوێنە ئەسترۆنۆمیە شاری خەبات دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای قەزای خەبات ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر لەهەرێمی کوردستان، و بەشی باکوری عیراق، هەروەها دەکەوێتە ناوچەی نیمچە چیای لەهەرێمی کوردستان.

سـەبارەت بە شـوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەچەند دیاردەیەکی سـروشـتی دەور دراوە، لە ئاراسـتەکانی باکور و ڕۆژهەڵات دەوردراوە بەدەشـتی هەولێر، بەشـی باشـوری بەرزاییەکانی دمیرداغە، ڕوباری زێی گەورە و بانی موسـڵ ئاراسـتەکانی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت. لەڕوی کارگێریەوە بەسـەنتەری قەزای خەبات دانراوە لە پارێزگای هەولێر و لەچوار ناحیە پێکهاتوە: (دارەشـەکران، کەورکۆسک، ڕزگاری، ناحیەی سـەنتەر- خەبات)، لە ئاراسـتەی باکور وباکوری ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی ڕزگارییە، لە ئاراسـتەی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتەوە و باشور دەوردراوە بە سنوری ناحیەی گوێر سەر بەقەزای مەخمور، لەلایەکی ترەوە هەردو پارێزگای دهۆک و نینوی ئاراستەکانی ڕۆژئاوای ئەم شارە پێکدەهێنن.

ناوچەی توێژینەوە نەک تەنها گرینگییێکی کارگێری هەیە وەکو سـەنتەری قەزای خەبات بەڵکو گرینگیەکی ئابوری هەیە لەهەرێمی کوردسـتان، چونکە لە هەرێمی ئەم شـارە کێڵگەی نەوت وکارگەی بەرهەمهێنانی کەرستەی بیناسازی وەکو چەم ولم و بلۆک، چەندین پرۆژەی ئاودێری هەیە بۆ پەرەپێدانی چالاکی کشـتوکاڵیدا سـودی لێ دەبینرێت، ئەوەی ئەم گرینگیانەی بەنرخ تر دەکات بەسـتنەوەی ناوچەی توێژینەوە بەتۆری ڕێگاوبان، لەگرینگترینیان ڕێگای (خەبات_شاری هەولێری پایتەخت) بەدوری34کم جگە لەمە بەپارێزگاکانی عیراق دەبەسـترێتەوە وەکو پارێزگای نینوی بەدوری 54کم (بەڕێوەبەرایەتی گشـتی هاتوچۆ ، 2021)

نەخشەی (1) پێگەو و شوێنی ناوچەی توێژینەوە



سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: **1.** وەزارەتی پلاندانان (2021) . **2**– الحداد، ولی، 2011، ل1. **3**– القصاب، وآخرون،1987، ص 113. **4**– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،(2020).

شاری خەبات بەگوێرەی دیاردەی سروشتی و مرۆییەکانی دەوروبەریەوە بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین شوێنی ڕێژەیی گرینگ کە ئەمەش بایەخی خۆی هەیە وادەکات تایبەتمەندی کەسایەتی زیاتر بەشار ببەخشێت جیا بێت لەشارێکی تر وەکو شوێنی گرێی سروشتی چونکە دەشتی هەولێر و ناوچەی چیای بەرز لەپارێزگای هەولێر بە ناوچەی بانی موسڵ وبانی جەزیرە لەپارێزگای موسڵ دەبەستێتەوە، هەروەها لەبەر لێکەوتەی جوگرافی شارەکە لە نێوان شاری هەولێر و موسڵ دەستی بەسەر تاکە ڕێگای سەرەکی نێوانیان گرتوە هەربۆیە شوێنی نێوانی وەردەگرێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە لێوارەکانی سنوری دەشتی هەولێر و دەستپێکی بانی موسڵ ودەستهەڵاتی بەسەر ڕێگای گواستنەوە سەپاندوە بەشوێنی دەروازەییش هەژماردەکرێت

## 2-2 دابەشبونی شوێنی دیاردەکە:

لە ژێر ڕۆشنایی یاسای زێدەرۆیی کردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە3ی سالی 2018 کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هەر خانوێک لە سەر زەوی وزاری دەوڵەت و لە نێو ماستەر پلانی شاری خەبات دروستکرابێت بەبێ ڕەزامەندی حکومەت بە نیشتەجێبونی هەڕەمەکی هەژماردەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە 14 شوێنی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە ناوچەی توێژینەوە دیاری کراوە لە 14 گەڕەک واتا لە هەمو گەڕەکەکان ئەم دیاردەیە تەشەنەی کردوە. بەلام لە ڕوی قەبارەی دانیشتوان و ڕوبەری هەڕەمەکی جیاوازی شوێنیان لێبەدی دەکرێت لە مانەی خوارەوە باسی دەکەین:

### 1-2-2 دابەشبونی شوێنی (ژمارەیی و ڕێژەیی) بەگوێرەی دانیشتوان:

ژمارەی دانیشتوانی شاری خەبات لە سالّی 2021 نزیکەی (84005) کەسە لە ( 12358) سەرخێزان پێکهاتوە، لەنێوانیاندا (31088) کەس دانیشتوانی ناوچەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکین بەڕێژەی 37% لەکۆی گشتی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، دوای مەزندەکردنی هەروەک لەخشتەی 1 بەدیاردەکەوێت، لە هەمو گەڕەکانی شاری خەبات بڵاوبونەتەوە بەڵام بەپلەی یەکەم لەگەڕەکی ڕزگاری زیاتر جێگیربونە بەڕێژەی 22,8% لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکانی هەڕەمەکی، بەپلەی دوەم و سێیەم گەڕەکانی کانی مام سنج و هەنجیرۆک1 دێت ڕێژەکەیان لە 11,4% بەرزتربوە، کەمترین ژمارەی دانیشتوان لەگەڕەکی ناوچەی پیشەسازی و ئاشتی 1 و3 بوە، نەخشەی 2.

هۆکاری جیاوازی شوێنی لەقەبارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی خانو و فراوانی ڕوبەری نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەم گەڕەکانە واتا چەند ژمارەی خانوی زێدەرۆی زیاتربێت ڕوبەری

ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی زیاتر دەبێت بەمەش خێزان و دانیشتوان زیاتر لەخۆدەگرێت بەپێچەوانەش ڕاستە.

## 2-2-2 دابەشبونی شوێنی (ژمارەیی و ڕێژەیی) بەگوێرەی ڕوبەر:

لەشاری خەبات 9801 خانو هەیە (5486) خانوی پلانبۆدانراون بەڕێژەی 56% لەبەرامبەردا خانوەکانی هەڕەمەکی نزیکەی 4315 خانوە بەڕێژەی 44% لەکۆی خانوەکانی شار. لەهەمان کاتدا ناوچەی توێژینەوە ڕوبەری ئاواکاری دەگاتە 616,32/ هکتار و دەبێتە دو بەش یەکەمیان ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراوە نزیکەی 343,43/ هکتارە بەڕێژەی 55,7%, دوەمیان ڕوبەری ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکیە کەبەڕێژەی 44,3% داگیرکردوە لەسەر ڕوبەری 272,85/ هکتار، کەواتا ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی چ لەڕوی ژمارەی خانوەکانی چ لەڕوی ئەو ڕوبەرەی داگیری دەکات لە44% کەمترنەبوە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەتایبەتی کە هیچ گەڕەکێک لەشاری خەبات لەم دیاردەیە بەدەرنەبوە هەروەک لەنەخشەی 3 دیارە، بەڵام ڕاستییەکی تر ڕوندەبێتەوە کە هێشتا ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراو زیاترە لە ڕوبەری دیاردەی توێژینەوە بەمەش گریمانەی یەکەمی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە.

خشتەی (1) جیاوازی شوێنی تایبەتمەندیەکانی ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە شاری خەبات سالی 2021

| گەڕەک | مەزندەی ژ. دانیشتوانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی (1) (*) | لە کۆی ژ. دانیشتوانی . ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی % | روبەری ئاواکاری پلانبۆدانراو(2) | % | روبەری ناوچەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی (2) | % | تێکڕای چری نیشتەجێکردنی هەڕەمەکی پوخت (**) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەنجیرۆک 1 | 3577 | 11.5 | 29.67 | 55.3 | 23.94 | 44.7 | 149 |
| هەنجیرۆک2 | 3224 | 10.4 | 19.77 | 57.3 | 14.76 | 42.7 | 218 |
| ئاشتی 1 | 325 | 1.1 | 36.85 | 91.4 | 3.46 | 8.6 | 94 |
| ئاشتی 2 | 1327 | 4.3 | 52.9 | 88.8 | 6.7 | 11.2 | 198 |
| ئاشتی 3 | 572 | 1.8 | 12.8 | 77.2 | 3.79 | 22.8 | 151 |
| سەروەران | 1963 | 6.3 | 33.5 | 61.8 | 20.71 | 38.2 | 95 |
| ڕزگاری | 7087 | 22.8 | 18.88 | 22.8 | 63.96 | 77.2 | 111 |
| كانی مام سنج | 3593 | 11.6 | 31.34 | 51.4 | 29.66 | 48.6 | 121 |
| باستم بیتەرە | 2311 | 7.4 | 14.74 | 35 | 27.39 | 65 | 84 |
| کۆمەڵگای ئیداری | 1097 | 3.5 | 23.39 | 62.4 | 14.12 | 37.6 | 78 |
| ئازادی | 1378 | 4.4 | 1.16 | 4.9 | 22.56 | 95.1 | 61 |
| کادیران | 1243 | 4 | 11.52 | 39.6 | 17.55 | 60.4 | 71 |
| کشتوکاڵ | 3151 | 10.1 | 9.49 | 33.1 | 19.22 | 66.9 | 164 |
| ناوچەی پیشەسازی | 241 | 0.8 | 47.46 | 90.4 | 5.03 | 9.6 | 48 |
| شار | 31088 | 37 | 343.47 | 55.7 | 272.85 | 44.3 | 114 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن: **1**– وەزارەتی ناوەخۆ، (2021). (*****) مەزندەکراوە لەڕێگای هاوکێشەی (ژمارەی دانیشـــتوانی ناوچەی نیشـــتەجێبونی هەرەمەکی= تێکڕای قەبارەی خێزان لە گەڕەک * ژمارەی خانوی هەرەمەکی). **2**– وەزارەتی شـــارەوانی وگەشـــتوگوزار، (2021). (******) تێکڕای چری نیشـــتەجێکردنی پوخت = (ژ.دانیشـــتوانی ناوچەی نیشتەجێبونی هەرەمەکی / ڕوبەری نیشتەجێبونی هەرەمەکی) لە : Soen, 1979, p179 -

نەخشەی2 دابەشبونی قەبارەیی دانیشتوان لەناوچەکانی نیشتەجێبونی هەرەمەکی شاری خەبات ساڵی (2021)

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستنب بە:

1–وەزارەتی پلاندانان،(2021).


2– وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار، (2014).


3- خشتەی (1).

نەخشەی3 دابەشبونی قەبارەیی ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراو و ناوچەکانی نیشتەجێ بونی هەرەمەکی شاری خەبات بە هکتار ساڵی2021

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە :

سەرچاوەکانی نەخشەی2.





لەمیانی خشـتەی 1 جیاوازی شـوێنی نێو گەڕەکەکان دیارە، فراوانترین ڕوبەر لەگەڕەکی ڕزگاری و کانی مام سنج و باستەم بیتەرە بەدیارکەوتوە ڕوبەرەکانیان لەنێوان ( 27,39 _ 63,96) هکتاربوە، کەچی کەمترین ڕوبەر لەگەڕەکانی ناوچەی پیشـەسـازی و ئاشـتی1و2و3 بەدیارکەوتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ژمارەی خانوی هەرەمەکی لەنێوان ئەو گەڕەکانەدا کاتێک زۆر یان کەم بێت کاریگەری لەسەر قەبارەی ڕوبەردەبێت. لەلایەکی ترەوە 50% کۆی گشتی گەڕەکان ڕێژەی زاڵ بونی ڕوبەری نیشتەجێبونی هەرەمەکی تیایاندا لەڕێژەی گشـتی شـار زیاتربوە واتا لە 44,3% ڕەتداوە تا دەگاتە 95.1% لە گەڕەکی

ئازادی، کەچی لە 50% گەڕەکەکان ڕێژەی زاڵ بونی ڕوبەری پلانبۆدانراویان لەڕێژەی گشـــتی شـــار زیاتربوە وەکو لە گەڕەکی ئاشتی 1 بە ڕێژەی 91,4%.

ئەم ڕکابەریە لەنێوان ڕوبەری ئاواکاری پلاندانراو وهەرەمەکی لەهەر گەڕەکێک دەگەڕێتەوە بۆ جۆری بەکارهێنانی زەوی تیایاندا، بەواتایەکی تر هەرچەندە گەڕەک بەکارهێنانی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت و خزمەتگوزاری پێشـــکەش بە دانیشـــتوان بکات ئەوەندە ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراوی زیاددەبێت، بەپێچەوانەوەش ڕاستە. هەروەها ئەو گەڕەکانەی کە لە قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجیای پێشوی شارەکە خانوە هەڕەمەکیەکان تاپۆکراون، لە قۆناغی ئیستادا بە پلاندانراو هەژماردەکرێت وەکو گەڕەکی ئاشتی1و2.

## 2_2_3 دابەشبونی شوێنی (ژمارەیی و ڕێژەیی) بە گوێرەی چڕی نیشتەجێکردن:

تێکڕای چڕی نیشـــتەجێ کردنی هەڕەمەکی پوخت لەناوچەکانی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی لەســـەر ئاستی شـار گەیشـتۆتە 114 کەس/ هکتار، لەنێو گەڕەکەکاندا جیاوازی شـوێنی بەدیدەکرێت، دەتواندرێت دابەش بکرێت بۆسێ گروپ چڕی، یەکەمیان گروپی چڕیە نزمەکان کەلەنێوان (48_78) کەس/ هکتار دایە 29% کۆی گەڕەکەکان دەگرێتەوە، هۆی نزمی چڕی نیشـــتەجێ کردن دەگەڕێتەوە بۆ نزمی قەبارەی دانیشـــتوان ناوچەی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی تیایاندا کە لەنێوان (0,8% _4,4%) بوە لەکۆی گشـــتی دانیشتوانی ئەم ناوچانە لەشار بەبەراورد بە ڕوبەرەکانیان.

دوەم گروپی چڕیە مامناوەندەکان لەنێوان (79 _121) کەس / هکتار دایە 36% کۆی گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە، گروپی ســێیەم بریتیە لە چڕی دانیشــتوانی بەرز لەنێوان (122_ 218) کەس / هکتار بوە و 36% کۆی گەڕەکەکان دەگرێتەوە، نەخشــەی 4. جیاوازی شـوێنی چڕی نیشـتەجێ کردن دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشـــتوان و ڕوبەری ناوچەکانی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی لە گروپی سێیەم ڕوبەرەکان کەمتردەبن و چڕیەکان بەرزدەبنەوە.


### 2_2_4 دابەشبونی شوێنی (ژمارەیی و ڕێژەیی) بەگوێرەی بەکارهێنانی زەوی زێدەرۆیکراو لەسەری:

دروست بونی ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەسەر بەکارهێنانی زەوی جۆرراوجۆری موڵکی دەوڵەت بوە، بەپلەی یەکەم زێدەرۆیکردن لەسەر زەوی وزاری تەرخانکراو بۆ نیشتەجێبون بوە بەروبەری 77,26 هکتار، بەپلەی دوەم و سێیەم بەکارهێنانی خۆشگوزاری و زەوی چاڵایی و بەتاڵ بوە بە ڕوبەری 74,23 هکتار و 51,58 هکتار بەدوای یەکدا کەچی لەســــەر بەکارهێنانەکانی (فێرکاری، تەندروســـتی، بازرگانی، بەڕێوەبردن، پیشـەسازی، زەوی کشتوکاڵی) بە ڕوبەری (24,2، 20,51، 11,36، 6,68، 5,03، 2) هکتارزێدەرۆییکراوە، نەخشەی 5.

## 3- فاکتەرەکانی دروست بونی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە شاری خەبات و پەرەسەندنیان :


**<u>1-3 بونی شوێنی جوگرافی نەشیاو بۆ نیشتەجێبون</u>** : بونی شوێنی جوگرافی نەشیاو بۆ نیشتەجێبون لە نێو شـــار ، وەکو شـــوێنی خاکی نەگونجاو بۆ بیناکردن یان ڕێژگەی ئاو و ئاوەڕۆ بونی چاڵای زۆر لە نێو زەوی شارەکە پرکراونەتەوە بۆ مەبەستی ئەم جۆرە نیشتەجێبونە، بونی ئەم جۆرە شوێنانە و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێت لە لایەن شارەوانیەوە وایکردوە دانیشتوان ئەوهەڵە بەدەرفەت بزانن و خانوی هەڕەمەکی تیایدا دروســـت بکەن، بەرامان بۆ وێنەی 1 بەدیاردەکەوێت لە هەردو گەڕەکی هەنجیرۆک 1 و ئاشـــتی 1، لەلایەکی ترەوە بونی زەوی بەتاڵی لە گەڕەکی ناوچەی پیشەسازی بە ڕوبەری 5.03 هێکتار، هۆکارێک بوە بۆ زیادبونی هەڵومەرجی دروست بونی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی تیایدا.

نەخشـــەی4 جیاوازی شـــوێنی تێکڕای چڕی نیشـــتەجێ هەڕەمەکی پوخت لەشـــاری خەبات ســـاڵی 2021 زێدەڕۆیی کراو




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە : سەرچاوەکانی نەخشەی 2.

نەخشـــەی 5 ناوچەکانی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی کردنی بەگوێرەی جۆری بەکارهێنانی زەوی لە سەری لەشاری خەبات ساڵی 2021




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە : سەرچاوەکانی نەخشەی 2.

وێنەی(1)

دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە شوێنی نەشیاو لە گەڕەکەکانی هەنجیرۆک 1و ئاشتی1 ی شاری خەبات ساڵی 2021
سەرچاوە : سەردانی گۆرەپانی توێژەران ( 2021/12/15).

## 2-3 **فاکتەرە ئاواکاریەکان :**

1-2-3**دیاردەی دیلکردنی شـــــارنشـــینی** : ئەمەش هۆکاری ترە بۆ فراوانبونی ڕوبەری ناوچەی زێدەرۆیی وپاڵنانی دانیشـــتوان بۆ زێدەرۆی کردن بەدەوری گوندە دیلکراوەکان جگە لە گواســـتنەوەی هەڵســـوکەوت وشـــێوەی ژیانی لادێنشـــینی بۆ ناوچەی توێژینەوە و زیادبونی ژمارەی ئەو خانوانەی کە تاپۆیان نییە، هەروەها ناڕێکی سیستەمی شـەقام و کۆلان کە نایاسـاییە. شـاری خەبات سێ گوندی دیلکردوە وکەوتۆتە ژێر ڕکیفی دەســـەڵاتی تا ســـاڵی توێژینەوە وەکو گوندەکانی(کەونە کەلەک، فەتحاوە، باســـتەم) (ابراهیم، ( 2022/2/24)).

2-2-3 گرفتی کورت هێنانی نیشتەجێبون (العجز السكني): بەهۆی زیادبونی دانیشتوانی شارو زیادبونی داواکاری لەســـــەر زەوی نیشــــتەجێبون وخزمەتگوزاری، هاندەرێکە بۆ دروســــت بونی گرفتی یەکەی نیشتەجێبون وچارەسـەرکردنی ئەم گرفتە بەڕێگای نایاسـایی، بەشـێوەیێک لە سـالی 1977 ڕێژەی کورت هێنانی نیشـــــتەجێبون 12,7% بوە، بەلاَم دوای بونی بە قەزا ئەم گرفتەی زیادی کردوە بۆ 13,2% لە ساڵی 2004 ، کەچی گرفتەکە بەرچاو زیاد دەبێت وڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ 20,7% ساڵی 2021 (❋)، پاڵنەری ئەم بەرزبونەوەیە بریتیە لە نەبونی پلانی حکومەت بۆ دابین کردنی خانو و وەلامدانەوەی زیاد بونی ژمارەی دانیشـــــتوان و هەربۆیە دروســــت کردنی خانو بە ماندوبونی خۆجێیی و زێدەرۆیی تاک چـارەســــــەری دانیشـــــتوان بوە. (الجمهوريـة العراقيـة.1978) (وەزارەتی پلانـدانـان،2004)، (وەزارەتی ناوەخۆ،2021)، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار،2021).




**3-2-3هۆکاری تایبەت بە ماســـتەرپلان**: بەڕێوەبەرایەتی شـــارەوانی خەبات زەویە کشـــتوکاڵیەکانی نێو ماسـتەرپلانی دابەشـکردوە بەبێ ئەوەی خاوەنەکانیان ڕەزامەندیان هەبێت یاخود قەرەبۆبکرێنەوە، ئەمەش بوە هۆی نارەزایی خاوەن زەویە ڕەسـەنەکان وریگری کردنیان لەو هاولاتیانەی کە زەویەکەیان بەفەرمی لـەلایـەن حکومـەتـەوە وەرگرتوە، ئـەم ڕەفتـارەش هـانـدەربوە بۆ ئـەو هـاولاتیـانـە کـە لـەنزیـک زەویـە کشـــتوکاڵیەکانن زێدەرۆیی ئەنجام بدەن، ئەم حالەتە لەگەڕەکی کانی مام ســـنج بەدیاردەکەوێت. هەروەها زەویە بەتاڵەکانی نێو ماســـتەرپلان زێدەرۆیی تیایدا ئەنجام دەدرێت چونکە ماوەی (8) ســـاڵ تێپەریوە لەســـەر دانانی ماســـتەرپلان تاوەکو ئیســـتا هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری جێبەجێنەکراوە. (محمد ، 2022/1/12)).

## 3-3 فاکتەرە دیمۆگرافیەکان:

فاکتەری گەشـەی دانیشـتوان بەگرینگترین فاکتەرەکانی دروسـتبون و فراوانبونی ڕوبەری نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی دادەنرێت، جا چ لەرێگای زیادبونی ســـروشـــتی بێت یاخود ڕێگای کۆچ بێت بەتایبەتی کۆچی ناوخۆیی، لەکاتی تێڕوانین بۆ شـێوەی (1) بکەین ڕێژەی گەشـەی سـالانەی دانیشـتوان نیشـان دەدات لە ماوەی نێوان (1977 – 2021) دا، ڕون دەبێتەوە کە ئەم ڕێژەیە زیادی کردوە لە 6,8 لە ماوەی (1977 – 2004) بۆ 9,4% لە ماوەی (2009– 2021)، کۆمەڵە هۆکارێک هەن پاڵنەری ئەم ڕێژە بەرزەن وەکو زیادبونی سـروشـتی، و سـیسـتەمی کۆمەلایەتی وداب ونەریتی شـارەکە هاندەربوە بۆ ژن هێنان و زۆری منداڵبون و هاوسەرگیری پیش وەختە، هەروەها هۆکارەکانی تایبەت بەکۆچ و باشبونی بارودۆخی ئابوری و سـیاسـی لەم ماوەیە شـاری خەبات وهەرێمی کوردسـتان بەماوەیەکی ئارام بونی بودجەو گەشـانەوەی ئابوری تێپەریوە، لەلایەکی ترەوە تێکچونی بارودۆخی سیاسی شاری موسڵ هاتنی ئاوارەکان بۆ شارەکە ڕەنگدانەوەی دیاری هەبوە بۆ نمونە تا سـالی 2021 نزیکەی 27404 کەس کە لە 3491 خێزان پێکهاتوە لە ئاوارەکان نیشتەجێی شاری خەبات بونە بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەڕەمەکی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی خەبات، 2021)، هەمو ئەمانەش کاریگەری جێهێشتوە بەسـەر گەشـەی دانیشـتوان وپەرەسـەندنی ڕوبەری ناوچە هەڕەمەکیەکان.

شێوەی (1) گەشەکردنی سالانەی دانیشتوان % لە شاری خەبات لە ماوەی نێوان ( 1977–2021)

ســـەرچاوە: کاری توێژەران پشـــت بەســـتن بە: **1** – (الجمهورية العراقية،1978)، **2**– (وەزارەتی پلاندانان، 2004) 3– (وەزارەتی پلاندانان، 2009)، **4**– (وەزارەتی ناوەخۆ،2021).




گەر تێبینی گرنگی ڕێژەیی دانیشتوانی شاری خەبات بکرێت لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر و کۆی دانیشـــتوانی شـــارنشـــینی هەمان پارێزگا، بەدیار دەکەوێت کە ئەم ڕێژەیە لە ســـاڵی 1977 تەنها 0.59% و1.1% بوە لە کۆی دانیشـتوانی پارێزگا وسـەنتەرە شـارنشـینیەکان، کەچی لەسالی 2021 زیادی کردوە بۆ 3.7% و 4.8% یەک لە دوای یەکدا، ئەمەش ئەو ڕاسـتیە دوپاتدەکاتەوە کە ناوچەی توێژینەوە کرۆکی ڕاکێشانی دانیشتوانی لادێەکانی دەوروبەری و شاروشارۆچکەکانی پارێزگا بوە بەهۆی گرینگیئابوریەکەی. (الجمهورية العراقية،1978)، (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،2021).

**4-3 فاکتەرە ئابورییەکان** : نزمبونـەوەی داهـات و بـەرزبونـەوەی ئـاســـــتی ڕێژەی هـەژاری هۆکـاری ڕاســـتەوخۆن بۆ زیادبون پەرەســـەندنی دیاردەی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی چونکە خێزانی هەژار توانای کردنی خانوی گونجاو ڕێکخراویان نیە هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر ســەرپێچی یاسـایی، هەروەها ئەم فاکتەرە ڕۆڵی هەبوە لە دروستبونی گەڕەکی سادەو شاکار لەڕوی دیزاینەوە و ناتەندروست لە ڕوی سەلامەتیەوە. ســەرچاوە زانســتیەکان ئەوە دەردەخەن کە ئاسـتی بژێوی دانیشـتوانی هەرێمی کوردســتان لە ئاسـتێکی خراپ بوە تاوای لێ هاتوە لەســـــاڵی 2001 بەشـــــی تاکە کەس لە داهاتی ســــاڵانەی هەرێم تەنها (27) دۆلاربوە (آل مدرس،2003، 122)، بەهۆی گەمارۆدانی ئابوری، بەڵام ئەم ئاسـتە بەرەوباشـی دەروات و بەشـــــی تاک دەگاتە 5964,13 دۆلار لەســـــاڵی2008 (البارزاني،2012، 174). ئەم بەرزبونەوە لەداهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردســـــتان و بەهاوتایی و بە دادپەروەری لەســـــەر هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دابەش نەبوە بەڵکو جیاوازی هەبوە لە دابەشبونی داهات بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەســـــتەی ئاماری هەرێمی کوردســـــتان، بەدیار کەوتوە کە ڕێژەی هەژاری لەهەرێمی کوردســـتان لەســـاڵی 2012 دا 3,5% بوە بەرزبۆتەوە بۆ 12,5% لە ســـاڵی 2014 دوای هەژمارکردنی هەژارانی ئاوارە لە هەرێمدا (دەســـــتەی ئاماری هەرێمی کوردســـــتان، 2019، لا39-42)، هۆکاری ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئابوری و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و دابەزینی نرخی نەوت وهاتنی بەلێشاوی ئاوارە وپەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان، لە ڕاپۆرتێکی تر ئاماژە بەوە دەکرێت ڕێژەی هەژاری لەپارێزگای هەولێر لە 5,1% لەساڵی 2014 بەرزبۆتەوە ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2018 بۆ 6,7% (دەستەی ئاماری هەرێم، 2018،7). هۆکارێکی تری ئابوری کاریگەر بەسەر پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە بەدەستهێنانی قازانجی زۆر وخێرایە لەلایەن هەندێک لە زێدەرۆیکارە دەست ڕۆیشتوەکان لە ڕێگای کرین وفرۆشتن بە زەویی و خانوە هەڕەمەکیەکان.

**5-3 فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان:** بەهێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناوچەی توێژینەوە ونیشتەجێبون لەسەر بنەمای خزمایەتی وهاوشێوەی عەشیرەت وهۆز، بەفاکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ پەرەسەندنی ڕوبەری ناوچەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی چونکە هەر زێدەرۆیکارێک هێزێکی ڕاکێشانی هەیە بۆ خزم و کەسوکاری تا هەست بە نامۆیی نەکەن کاتێک دانیشتوان لە لادێ بۆ ناوچەی شارنشینی کۆچ دەکەن، هەروەها هەر لەهەمان شوێن پاش گەورەبونی یەک خێزان ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان بەکاردەهێنن بۆ دروست کردنی خانوی هەڕەمەکی هەتا ئەگەر شوێنەکەشی گونجاونەبێت. وەکو جێگیربونی عەشیرەتی هەرەکی لەگەڕەکی باستەم بیتەرە وەعەشیرەتی گۆران لەگەڕەکی هەنجیرۆک1و2، جگە لەجێگیربونی خەڵکی دیبگەو وقەلادزی لە گەڕەکانی ئاشتی 1و2 (ابراهیم، (2022/2/24)). لە لایەکی ترەوە کەمی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وئاینی هاندەرێکە زێدەرۆیی لەسەر موڵکی تایبەت وگشتی، شاری خەبات شارێکی داخراوە لەڕوی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتیەوە زیاتر یاسایی عەشیرەت حکومرانی دەکات، ڕەفتاری زێدەرۆیی کردن بەحەق و ڕەفتارێکی ئاسایی تێڕامانی بۆ دەکەن.

**6-3 فاکتەرەکانی پەیوەست بە سیاسەتی حکومەت:** کارنامەی حکومەت سەبارەت بە پرۆسەی نیشتەجێ کردن زۆر لاوازە ماوەی 15 ساڵە پرۆسەی دابەشکردنی زەوی وەستاوە وچالاکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم ناوچەی توێژینەوەی نەگرتۆتەوە، ئەمەش بۆتە پاڵنەر بۆ ئەوەی دانیشتوان خۆیان چارەسەری گرفتی نیشتەجێبون بکەن لە ڕێگای زێدەرۆییکردن. هەروەها بونی گەندەڵی لەبەڕێوەبردن وەک بەشداربونی بەرپرسانی ناوچەی توێژینەوە لە زێدەرۆیی کردن، جگە چاوپۆشین لە کرداری زێدەرۆیی کردنی دانیشتوان بەرامبەر بە بەکارهێنانیان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لایەنەکان لەکاتی هەلبژاردنەکاندا (محمد 2022/1/12 )). لەلایەکی تر یاسایی سزادان بەسەر ئەو کەسانەی زێدەرۆی بەسەر زەوی زاری میری دەکەن جێ بەجێ ناکرێت، حکومەت هەوڵی داوە خانوی زێدەرۆیی تێکبدات، بەڵام دوبارە دروست دەکرێنەوە، (وێنەی2). ئەم پرۆسەیە هەر لەم ئاستە ناوەستێت بەڵکو هەندیکجار دەبێتە پێکدادان لەنێوان دانیشتوانی زێدەرۆیکار وهێزی ئەمنی میری ناوچەکە (وێنەی 3).

وێنەی(2) تێکدانی نیشــتەجێبونی هەڕەمەکی خەبات ساڵی2022



وێنەی(3) پێکدادانی نێوان دانیشــتوان لەلایەنحکومەت لەشــاری و هێزی ئاسایش لە شاری خەبات



سەرچاوە : -سەردانی گۆرەپانی توێژەران(2022/2/3). 2- سایتی SNN ، خۆپیشاندانی ( 2021/9/4)

## 7-3 نالەباری باودۆخی سیاسی:

ناوچەی توێژینەوە یەکەم وێســـتگەی پێشـــوازیکردنی ئاوەرەکانی پارێزگای موســـڵ بو دوابەدوای هێرشەکانی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر پارێزگاکانی باکوری عیراق بە هۆی نزیکی شوێنی جوگرافی شاری خەبات لە پارێزگاکاندا، ئەم لێشـــاوە لە ناکاوەی دانیشـــتوان دەرفەتێک بو بۆ زێدەرۆییکردنی ئاوارەکان هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

## 4- چارەسەرکردنی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لە شاری خەبات :

بۆ چارەســـەرکردنی دیاردەی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی و هەڵبژاردنی شـــێوازی چارەســـەری گونجاو، پێویســـتە ئاســـتەکانی ئەم جۆرە نیشـــتەجێبونە بزانرێت لە نێوان ناوچەکانی هەڕەمەکیدا، ئەم ئاســـتانەش دیاری دەکرێن لەســـــر بنەمای زانینی تایبەتمەندیە هەمە چەشـــــنەکانی ئەم دیاردەیە کە بریتیە لە تایبەتمەندییە (ئاواکاری، دیموگرافی، ژینگەیی، ئابوری، کۆمەلایەتی) ودروســـت کردنی داتابێیســـێکی ورد. بەلام زانیاری لەســەر ئەم تایبەتمەندیانە ئاســان نیە بۆیە پەنا بەکاری گۆرەپانی بردراوە. کەواتا پرۆســەی چارەســـــرکردنی ئەم دیاردەیە بەچەند قۆناغێک تێپەریوە وەک لەمانەی خوارەوە دەیانخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

**1-4 قۆناعی دروســـتکردنی داتابێس لەســـەر دیاردەی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی بەگوێرەی گەڕەکەکان** : لێرەدا پەنا بۆ فۆرمی ڕاپرسی بردراوە و هەمو تایبەتمەندیەکانی ئەم دیاردەیەی ڕەچاوکردوە و لە 36 پرسیاری کراوەو داخراو پێکهاتوە (پاشکۆی2)، (ئەم فۆرمانە دابەشکراوە بەشێوازی (نمونەی هەڕەمەکی سادەیی گونجاو _

العينة العشوائية البيسطة المتناسبة) (النجار،2010، 111-112)، سەبارەت بە قەبارەی کۆمەڵگا پشتی بەستوە بە ژمارەی خانوی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی کەژمارەیان 4315 خانوە لەکۆی 14 گەڕەک لەشاری خەبات، لەڕێگای هاوکێشەی سامبسۆن، قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوە گەیشتۆتە 355 فۆرم لەئاستی ڕێژەی هەڵە0,05 , بەم شێوەیە کۆی ژمارەی خانوی هەڕەمەکی کە توێژینەوەی گورەپانی لەسەر ئەنجام دراوە گەیشتۆتە 355 خانو کە 2861 دانیشتوان و 412 خێزان لەخۆگرتبو (پاشکۆی3)، ئەم پرۆسەیە 4 مانگی خایاندوە.

## 2-4 قۆناغی دیاری کردنی ئاستەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی بەبەکارهێنانی ڕێگا ئاماریەکان:

تایبەتمەندیەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەنێوان گەڕەکەکاندا جیاوازن، کەواتا بەئاستی هەڕەمەکی جیاواز دەردەکەون وە لەبەر زۆری تایبتمەندیەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی پرۆسەی گەیشتن بەچەند ئاستێک ئەستەمە، بۆیە باشترین ڕێگای ئاماری ئەم گرفتە چارەسەر دەکات بریتییە لە شیکردنەوەی فاکتەری _ Factor Analysis هەڵبژاردنی ڕێگای (Principle Axis Method) لەپرۆگرامی SpssV.23. ڕێگای شیکردنەوەی فاکتەری ڕۆڵی هەیە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک تایبتمەندی بەشێوەی گۆڕاو لەنێو چەند فاکتەرێکدا کەزیاتر کاریگەریان لەسەر جیاوازی شوێنی دیاردە جوگرافیەکە هەیە بەمەش ئاسانتر دەتوانرێت ئاستەکانیان بدۆزرێتەوە.


دوای دروستکردنی داتابێس وئەنجامدانی کرداری (Coding_ الترميز) 86 گۆڕاو بەشداریان لەئامارەکە کردوە، لە ئەنجامدا ماترێکسی تێربونی فاکتەرەکان (Factor Loading)، وماترێکسی ژمارەی ئەو فاکتەرانەی کەبەهای ئاماریان هەیە، دوای کرداری(Rotated Component Matrix [a])، وماترێکسی نمرەی فاکتەرەکان (Factor Scores) بەگوێرەی گەڕەکەکان بەدەستکەوتوە (پاشکۆکانی 5،4،6). ئەو فاکتەرانە هەڵبژاردراون کەبەهای ناوەکیان ( القيمة الذاتية) لە 1% زیاترە ولە 4 گۆڕاو کەمتر نین. بۆدیاری کردنی ژمارەی گۆڕاوەکانی هەرفاکتەرێک، نمرەی تێربونی(0,50) هلبژێردراوە، بۆ ناونانی فاکتەرەکان (پێکهاتەکان) پشت بە میتۆدی هۆکاری بەستراوە.

## 3-4 قۆناغی ڕونکردنەوەی پێکهاتەکانی (فاکتەرەکانی) دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەناوچەی توێژینەوە:

لە دەرئەنجامی جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکانی پێشو، تەنها 30 فاکتەر لەکۆی 83 فاکتەر بەهای ناوەکیەکەی لە 1% زیاترە و 63 گۆڕاوی جیا جیای لەخۆگرتوە کەبەهایەکی ئاماریان هەیە لەکۆی 86 گۆڕاوی نێو داتابێیس، ئەم 30 فاکتەرە بەرپرسن لەشیکردنەوەی 69,493% ی جیاوازیەکانی نێو ماترێکسی داتاکان، بەڵام تەنها فاکتەرەکانی 1،2،3،4 خراوەتە بەرباس و شیکردنەوە کە بەهای ناوەکیان 2,6% زیاترە و بەرپرسن لەشیکردنەوەی جیاوازیەکانی ماترێکسی داتاکان بەڕێژەی 3% زیاتر، ڕامان بۆ شێوەی 2 و پاشکۆی 4 بکە، پێکهاتەکان لەمانەی خوارەوە دەخرێنەڕو:

شێوەی 2

ژمارەی ئەو فاکتەرانەی کە بەهای ئاماریان هەیە دوای کرداری Rotated Component Matrix [a]




سەرچاوە: بەپشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی Factor Analysis لە پرۆگرامی (Spss v.23)

## 1-3-4 فاکتەری یەکەم / پێکهاتەی تایبتمەندیە دیمۆگرافیەکان :

ئەم فاکتەرە پلەی یەکەمی بەدەســـت هێناوە لەڕوی گرینگیەوە، چونکە بەهای ناوەکیەکەی دەگاتە 3,804 بەرزترین بەها تۆماردەکات و 4,584% ی کۆی جیاوازی نێو ماترێکســـی داتاکان پێکدەهێنێت ( تباین مصـــفوفة البيانات). هەروەک لە پاشـــکۆی 5 بەدیاردەکەوێت ئەم فاکتەرە پێنج گۆڕاوی لەخۆگرتوە پەیوەندیان بەیەکترهەیە و نمرەی تێربونیان لەنێوان 0,542 _ 0,856یە ، ئەو گۆڕاوانەش بریتین لە( ژمارەی کەس لەخانو، پێکهاتەی تەمەنی گەنجی دانیشـــتوان 15_64 ســـاڵی، پێکهاتەی ڕەگەزی نێر لەنێو دانیشتوان ، ژمارەی سەرخێزان، ژمارەی ئەو کەسانەی لەئاستی خوێندنی زانکۆن). بەڵام گۆڕاوی ژمارەی کەس لەنێو خانودا نمرەی تێربونی لەفاکتەری یەکەم لەهەمو گۆڕاوەکانی تردا بەهێزترە وزیاتر پەیوەســـتە بەفاکتەرەکە، ئەوەی شایانی باسە هەر پێنج گۆڕاوەکەی فاکتەری یەکەم تایبتمەندی دیمۆگرافی دانیشتوانی ناوچەی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی نیشـــان دەدەن. هەر لەبەر ئەوە ناونراوە پێکهاتەی تایبتمەندیە دیمۆگرافیەکان.

لەڕێگای ماترێکســـی نمرەکانی فاکتەری (مصـــفوفة درجة العوامل). توانرا تێکڕای جێگیر بونی هەر پێنج گۆڕاوەکە لەنێو گەڕەکەکاندا بدۆزرێتەوە بۆزیاتر ڕامانی پاشـــکۆی 6بکە کە جیاوازیە شـــوێنیەکەیان بەدیاردەکەوێت لەنەخشـــەی(6–_ فاکتەری یەکەم)، وەک ئەوەی دەردەکەوێت گەڕەکەکان دابەش دەبن بۆ سێ گروپ یەکەمیان ئەو گەڕەکانەی خاوەن نیشـانەی سـالبن کەتێکڕای جێگیربونی گۆڕاوەکانی فاکتەری یەکەمیان تیایدا کەمترە وئاستێکی باشی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی نیشان دەدەن ، دوەمیان ئەو گەڕەکانەن کە هەڵگری نیشـــانەی ســـالب و موجەبن و تێکڕای جێگیربونی گۆڕاوەکان تیایدا مامناوندە و ئاســـتێکی مامناوەندی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی دەنوێنن، بە بەراورد بە گروپی ســـێیەم کە بریتییە لە گەڕەکە

موجەبەکان، ئەوانەن کەتێکڕاکانی گۆڕاوەکان تیایاندا بەرزە و بە ئاستێکی خراپی نیشتەجێبون بەدیاردەکەون لەڕوی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانەوە.

دوای دەرهێنانی تێکڕاکانی ڕێژەی سەدەی تایبتمەندیە دیمۆگرافیەکان لەهەر گروپێکدا لە نێو داتابێسی سەرەکی، ئەو گەڕەکانەی نیشانەی سالبن ڕێژەی 7% کۆی گەڕەکەکانی شاری خەبات پێکدەهێنن ڕێژەی خێزانی قەبارە مامناوەند و خێزانی کرۆکیان بەرزە، ڕێژەی دانیشتوانی گەنج و ڕەگەزی نێریان بەرزە و ڕێژەی دەرچوانی زانکۆ یاخود ئەوانەی لەقۆناغی زانکۆن بەرزترە، ئەمانەش تایبتمەندی ئەرێنی و ئاستی باش نیشان دەدەن.
لەگروپی دوەمدا10 گەڕەکی هەڵگری نیشانەی سالب و موجەب لەخۆدەگرێت بەڕێژەی 71% لەکۆی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، ئاستێکی مامناوەند پێکدەهێنن چونکە تێکڕای ڕێژەکانی تایبتمەندی دیمۆگرافیەکان تیایاندا مامناوەندە، بەبەراورد بە گروپی سێیەم کە3 گەڕەک لەخۆدەگرێت بەڕێژەی 22%، ئاستێکی خراپی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی دیاردەخات، چونکە ئەو گەڕەکانەن کە تێکڕای ڕێژەکانی خێزانی قەبارە گەورە لە 8 کەس و زیاتر و خێزانی هەڵکشاو تیایدا بەرزدەبێتەوە، جگە لە نزم بونەوەی تێکڕای ڕێژەی ڕەگەزی نێر لەنێو دانیشتواندا، بەڵام لەڕوی تێکڕاکانی ڕێژەی دانیشتوانی گەنج و ئاستی خوێندنی زانکۆ هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی تۆمارنەکردوە بەبەراورد بەگروپەکانی تر، ئەمەش هەندێک جار بۆ ڕودانی باری نائاسایی(شاز) دەگەڕێتەوە لە دەرئەنجامەکانی شیکردنەوەی فاکتەری کاتێک گۆڕاوەکان نمرەی تێربونیان بەفاکتەر نزم دەبێتەوە بەمەش جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێو گروپەکان نیشان نادەن.

## 2-3-4 فاکتەری دوەم: پێکهاتەی تایبتمەندیە خزمەتگوزاریەکان :

ئەم فاکتەرە لەڕوی گرینگیەوە پلەی دوەمی تۆمارکردوە بەهای ناوەکیەکەی گەیشتۆتە 3,696 و 4,453% ی کۆی جیاوازی نێو ماتریکسی داتاکان پێکدەهێنێت لە پاشکۆی2. لەچوار گۆڕاو پێکهاتوە کەبەهاکانیان لەنێوان ( 0,629_ 0,853) دایە پاشکۆی 5 ، ئەوانیش بریتین لە تایبتمەندیە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ناوچەکانی هەڕەمەکی هەربۆیە بەم ناوە ناونراوە، وەک (ماوەی دوری نێوان باخچەی ساوایان _ خانو، ماوەی دوری بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی ئامادەیی لە خانو، بارودۆخی شەقام و کۆڵانەکان ). لە پاشکۆی 6 و نەخشەی (6- فاکتەری دوەم) جیاوازی شوێنی تێکڕای جێگیربونی ئەم چوار گۆڕاوە دەردەخات لەنێو گەڕەکەکاندا، هاوشێوەی فاکتەری یەکەم خۆی لە 3 گروپ نیشان دەدات، گروپی یەکەم گەڕەکە سالبەکان دەگرێتەوە بەڕێژەی 43% ئەو گروپەیە کە تێکڕای ڕێژەکانی ئەو خانوانەی خزمەتکراون بەرزدەبێتەوە، خزمەتگوزاریەکانی (باخچەی ساوایان و بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی ئامادەیی لە ژێرەوەی پێوەری پلاندانانن ونزیکن لە خانوەکان، هەروەها تێکڕای ڕێژەی

شـــەقامە قیرتاوكراوەكانی بەرزە جا چ ڕەســـیفی هەبێت یاخود نەبێت، ئەمانەش خاســـیەتی باش و ئاســـتی باشی نیشتەجێبونی هەڕەمەكی دەردەخەن.


نەخشـــەی 6 جیاوازی شـــوێنی نمرەكانی (Factor Scores) لە فاكتەری یەكەم ودوەم وســـێیەم وچوارەم لە ناوچەكانی نیشتەجێبونی هەڕەمەكی شاری خەبات


سەرچاوە: پشت بەستن بە داتاكانی پاشكۆی 6 وسەرچاوەكانی نەخشەی2.


لـەگروپی دوەمـدا 21% گەڕەكـەكـانی نـاوچـەی توێژینـەوە دەگرێتـەوە ئـاســـــتی خزمـەتگوزاریـان مامناوەندە، بەڵام لەگروپی ســـێیەمدا گەڕەكی خاوەن نیشـــانەی موجەبەكان دەگرێتەوە ڕێژەیان 36% و بە ئاســـتێكی خراپی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەكی بەدیاردەكەون، چونكە خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكانیان نیە یان دورە وســـــەروی پێوەری پلاندانانە و تێكڕاكانی ڕێژەی شـــــەقامی قیرتاونەكراو و كۆنكریت لەنێویاندا بەرزدەبێتەوە.


### 3-3-4 فاکتەری سێیەم:  پێکهاتەی تایبەتمەندی خانوی هەڕەمەکی:

ئەم فاکتەرە بەم ناوە ناونراوە چونکە لە 6 گۆڕاو پێکهاتوە تایبەتن بە خاســـیەتەکانی خانوی هەڕەمەکی ئەوانیش بریتین لە (ژماری ژور، ڕوبەری خانو، ژوری نوســـتن، بونی خزمەتگوزاری باخچەو گەراجی ئوتۆمبیل،ژوری میوان) کە نمرەی تێربونیان  لەنێوان 0,601 _0,80 دایە، بەهای ناوەکیەکەی دەگاتە 3,582  هەروەها لە 4,316% ی کۆی جیاوازی نێو ماترێکسی داتاکان تۆماردەکات, بۆیە بەپلەی سێیەم هەژماردەکرێت لەڕوی گرینگیەوە لە پاشــکۆی 5 دەبینرێ. لەنەخشـــەی 6 و پاشــکۆی 6 بەدیارکەوتوەکە تێکڕای جێگیربونی ئەم شـــەش گۆڕاوە لەنێو گەڕەکەکاندا جیاوازە و دەبێتە 3 گروپ، یەکەمیان گەڕەکی



هەڵگری نیشـــانەی ســـالبەکان ڕێژەی 43% ی کۆی گەڕەکەکانی شـــاری خەبات پێکدەهێنن، لەم فاکتەرە ناوچەکانی سالب ئاستێکی خراپی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی نیشان دەدەن بەپێچەوانەی فاکتەرەکانی پێشو، چونکە ئەو خانوانە دەگرێتەوە کە ژمارەی ژور و ژمارەی ژوری نوســـتن تیا کەمترە تێکڕای جەنجاڵی بەرزترە و خانوی کەمتر لە 300م تیایدا بەدی دەکرێت بەتێکڕای ڕێژەی بەرز، جگە لەنزمبونەوەی تێکڕای ڕێژەکانی خزمەتگوزاریەکانی وەکو بونی باخچە و گەراجی ئوتۆمبێل لەخانوەکانیان.

لە گروپی دوەمدا کۆمەڵێک گەڕەک خاوەن نیشـــانەی موجەب و ســـالب بەشـــداریان تیاکردوە بەڕێژەی 36%، ئاســـتی نیشـــتەجێبونی مامناوەند دەنوێنن، لە گشـــت گۆڕاوەکاندا، کەچی لەگروپی ســـێیەم کە گەڕەکەکی خاوەن نیشـــانەی موجەب پێکدەهێنێت بە ئاســـتێکی باشـــی نیشـــتەجێبون دەردەکەون، چونکە تێکڕای ڕێژەکانی ئەو خانوانە بەرزدەبێتەوە کە ڕوبەریان لە 300م زیاترە و یاخود ئەو خانوانەی ژمارەی ژوریان لە 5 زیاترە و ژمارەی ژوری نوستنیان زیاترە تادەگاتە 4_5 ژور و تێکڕای جەنجاڵیان نزمترە، جگە لە تۆمارکردنی تێکڕایەکی بەرزی ڕێژەکانی هەبونی خزمەتگوزاری باخچەی ماڵ و گەراجی ئوتۆمبێل و ژوری میوان.

### 4-3-4 فاکتەری چوارەم/ پێکهاتەی گرفتە ئاواکاریەکان :

بە پلەی چوارەم دێت لەڕوی گرینگیەوە چونکە بەهای ناوەکیەکەی گەیشـــتۆتە (2,638) و ڕێژەی جیاوازیەکەی (3,179%) ی کۆی جیاوازی نێو ماترێکســـی داتاکان پێکدەهێنین. ئەم فاکتەرە لە 4 گۆڕاو پێکهاتوە باس لە بارودۆخی ئاواکاری نیشتەجێبونی هەڕەمەکی دەکەن بۆیە ئەم ناوەی ناونراوە، نمرەکانی تێربونی ئەم گۆڕاوانە لەنێوان (-0,556- _ 0,790+ ) بڕوانە پاشکۆی 5.

لە نەخشـەی6 وپاشـکۆی 6 ڕوندەبێتەوە جیاوازی شـوێنی هەیە لە تێکڕای جێگیربونی ئەم چوار گۆڕاوانە لەنێو گەڕەکەکاندا، گروپی یەکەم گەڕەکی هەڵگری ســالب ئاسـتێکی نیشـتەجێبونی باش دەردەخەن چونکە تێکڕای ڕێژەکانی هەبونی گرفتی شێ و شەق و درز کەمترە و تێکڕای ڕێژەکانی ئەو خانوانە بەرزدەبێتەوە کە بە بیروبۆچونی خاوەنەکانیان لە ئاسـتێکی ئاواکاری باش دایە، یاخود ئەوانەی پێیان وابوە هیچ گرفتێک لەخانوەکانیان نیە، ئەم گەڕەکانەش بەڕێژەی 21%کۆی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە.

لە گروپی دوەمدا ڕێژەی 50% گەڕەکەکانی گرتۆتەوە تارادەیەک بە ئاســـتێکی نیشـــتەجێبونی مامناوەند بەدیاردەکەوێت، چونکە تێکڕای ڕێژەکانی هەبونی گرفتی ئاواکاری کەمترە بەبەراورد بە گروپی یەکەم، هەروەها بەرزترین تێکڕای ڕێژەی ئەو خانوانە نیشـــان دەدات کە خاوەنەکانیان پێیان وابوە لەئاســـتێکی ئاواکاری مامناوەند دایە. بەڵام لە گروپی ســـێیەمدا کە گەڕەکەکان نیشـــانەی موجەبن و ڕێژەی 29% پێکدەهێنن، لێرەدا ئاســـتێکی خراپی نیشـــتەجێبون نیشـــان دەدەن چونکە بەرزترین تێکڕای ڕێژەی گرفتی ئاواکاری تۆماردەکەن، جگە لەبەرزبونەوەی تێکڕای ڕێژەکانی ئەو خانوانەی کە خاوەنەکانیان پێیان وابو

لەئاستێکی ئاواکاری خراپ دایە، و نزمترین ڕێژەش داگیردەکەن سەبارەت بەو خانوانەی کە خاوەنەکانیان پێیان وابوە هیچ گرفتێک لە خانوەکانیان نییە.

## 4-4 شێوازەکانی چارەسەرکردنی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی بەگوێرەی ئاستەکانیان :

لەتەوەری پێشو ڕێگای شیکردنەوەی فاکتەری تواناى جیاکردنەوەی ئاستەکانی دیاردەی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەنێو گەڕەکەکاندا هەبو لەڕێگای هەڵبژاردنی گرنگترین ئەو تایبتمەندیانەی کەبەهای ئاماریان هەیە و زیاتر جیاوازیەکانی نێو داتابێسی ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی دەردەخرێن و کاریگەریان لەسەر دیاردەکە هەیە بە بەرزبونەوەی ژمارەو ڕێژەیان یان یەکەمبونەوەیان لەناوچەی توێژینەوە. لەسەر ئەم بنەمایە توانرا گەڕەکەکان دابەش بکرێت بۆ سێ ئاستی باش، مامناوەند وخراپ، لەڕوی نیشتەجێبونەوە تا بۆ هەرئاستێک چارەسەری گونجاوی بۆدابنرێت چونکە کەتواری نیشتەجێبونیان جیاوازە بۆیە دەبێ شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵیان جیاوازبێت. هەڵبژاردنی گەڕەکەکان لەنێو هەر ئاستێکدا بەند بوە بەدوبارە بونەوەیان لەنێو گروپی گەڕەکی سالب، مامناوەند، موجەبەکان، چەند زیاتر دوبارە ببێتەوە ئەوە بەم ئاستە هەژماردەکرێت (پاشکۆی7)، لەخوارەوە بەدرێژی باسی لێوە دەکرێت :


### 1-4-4 شێوازی چارەسەرکردنی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی ئاست باش:

ئەم ئاستە تەنها گەڕەکی سەروەران دەگەڕێتەوە بەڕێژەی 7% کۆی گەڕەکەکانی شاری خەبات، بەگوێرەی دەرئەنجامە ئاماری وکەتواری ناوچەکە لەگۆرەپاندا، ڕێگای چاکردنەوە _ Reform بەگونجاوترین شێواز دادەنرێت بۆ ئەم مەبەستە، دەست پێدەکات بە تاپۆکردنی خانوەکانی هەڕەمەکی، و چاککردنەوەی خانوی ئاست خراپەکان و دابینکردن و چاکردنەوەی خزمەتگوزاری ژێرخان و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی شەقام و ئاوەڕۆ وزەی کارەبای نیشتیمانی و خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیەکان تیایاندا، جگە لەگۆرینی جۆری بەکارهێنانی زەوی، بۆئەم مەبەستە دەکرێت چەند بلۆکێکی نیشتەجێبون فرمانی لادانی بۆ دەربچێت تەنها بەمەبەستی ڕەخساندنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان بەپێی پێوەری پلاندانان و قەرەبۆکردنەوەی دانیشتوان لەشوێنی تایبەتکراو بە قەرەبۆکردن (نەخشەی7).

نەخشەی 7 شێوازەکانی چارەسەرکردنی پێشنیارکراو بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەشاری خەبات سەرچاوە/ پشت بەستن  بە پاشکۆی 7 وسەرچاوەکانی نەخشەی2.

## 2-4-4 شێوازی چارەسەرکردنی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی ئاست مامناوەند :

ئەو گەڕەکانەی کە ئاســـتی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکیان مامناوەندە بریتیە لە 6 گەڕەک ئەوانیش




( هەنجیرۆک2، ئاشتی1 و3، باستەم بەیتەرە، کادیران، کشتوکاڵ) ڕێژەیان لەکۆی گەڕەکەکانی شار بریتیە لە 43%، ئەم گەڕەکانە شـــێوازی چارەســـەرکردنی ( بەرەوپێش بردن _ Upgrading) شـــیاوترین ڕێگا چارەیە بۆ ئەم ئاســـتە، بریتییە لە (تاپۆکردنی خانوەکان، نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی خانو و باڵەخانەکانی خزمەتگوزاری، دابین کردنی خزمەتگوزاری ژێرخانی وکۆمەڵایەتی، گۆرانی بەکارهێنانی زەوی، پەرەپێدانی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی دانیشـــتوانی زێدەرۆیکار)، دەتواندرێت بە 4 تەوەر باســـی لێوەبکرێت:

1. **بەرەوپێشبردنی خانوەکان**: دیاریکردنی ئەو خانوانەی ئاستیان خراپە و مەرجی تەندروستیان تیانیە وەکو بونی ســـەقفی کاریتە و شـــیڵمان و چینکۆ جەمەلۆن، یاخود دیواری قوڕ هتد، چاککردنەوەیان لەلایەن خودی دانیشتوانەوە وەکو مەرجێک بەرامبەر تاپۆکردنی خانوەکان.

2. **بەرەوپێشـــبردنی خزمەتگوزارییەکان:** دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاوی خاوێن (میری یاخود نیشـــتیمانی)و کارەبای نیشـــتیمانی، چاککردنەوەی ئاوەڕۆی کراوە و قیرتاوکردنی شـــەقامەکان یاخود گەر تەسـک بێت کۆنکریت بکرێت بەئاوەڕۆی داخراو، بەجۆرێک بتواندرێت ئوتۆمبیلی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشـــاک بگاتە ئەم کۆلانانە. سەبارەت بەدابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، دەبێ بەگوێرەی ماستەرپلانی شارەکەبێت ئەو خانوانەی لەســەر ڕوبەری خزمتگوزاری دروســتکراون دەبێ لابردرێت و قەرەبۆبکرێنەوە لەشــوێنی تایبەتکراو بۆ قەبەربۆکردن (نەخشـــەی7)، یاخود ئەو زەویە بەتالانەی لەگەڕەکەکان ماون دەتواندرێت بۆئەم مەبەستە بەکاربهێنرێت.
3. **بەرەوپێشـــبردنی بارودۆخی ئابوری دانیشـــتوان:** ناوچەی توێژینەوە چەندین پرۆژەی پیشـــەســـازی هەیە (پترۆکیمیاوی، بیناســـازی، خۆراک، وزەی کارەبا، ڕســـتن وچنین، پلاســـتیک) دەتواندرێت سـود لە بنیادی ئابوری شارەکە وەربگیرێت بۆ دابینکردنی هەڵی کار بۆ دانیشتوان لەلایەک، لەلایەکی تر پێشنیار دەکرێت ســـەنتەرێکی پەرەپێدانی کۆمەڵگا دابمەزرێت لەنێو شـــاری خەبات کە ســـەربە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت ئەرکی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی دانیشـــتوان بکرێتە ئەســـتۆ، وەکو (دابین کردنی هەڵی کار، کردنەوەی خولی ڕاهێنان، دابینکردنی هەڵی پرۆژەی بچوک)، ئەمانە کاریگەری دەبێت لەســـەر کەمکردنەوەی هەژاری و بێ کاری لە شارەکەدا.
4. **بەرەوپێشبردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دانیشتوان:** ئەمەش بەچەند ڕێگاییک دەبێت، یەکەمیان دروستکردنی خزمـەتگوزاریـە فێرکاریـەکـان، وکردنـەوەی خولی لـەنـاوبردنی نـەخوێندەواری، دوەمیـان لـەڕێگـای ئـەم ســـەنتەرە دەبێت کە لەخاڵی پێشـــو ئاماژەمان پێی کرد کەتیایدا خول وســـیمنار وِرکشـــۆپی هۆشـــیاری کۆمەڵایەتی بڵاوبکرێتەوە بۆ ئاشـــنابونی دانیشـــتوان بەهەڵســـوکەوتی شـــارســـتانی بەهەمو لایەنەکانیەوە، سێیەمیان لەڕێگای وتاری ئاینی مزگەوتەکان دەبێت کە ڕونکردوە بدات لەســەر کرداری زێدەڕۆیی کردن و ئاکامەکانی لەڕوی ئاینیەوە، ڕێزگرتن لەیاســـای دەوڵەت، ژینگە پارێزی، فێرکردن و خوێندنی ئافرەت و بابەتی تر.
5.

## 3-4-4 شێوازی چارەسەرکردنی نیشتەجێبونی هەرەمەکی ئاست خراپ :

ئەم ئاســـتە زۆرترین ژمارەی گەڕەکەکانی شـــــار دەگرێتەوە کە 7 گەڕەکە بەڕێژەی50% ئەوانیش (هەنجیرۆک1، ناوچەی پیشـــەســـازی، ڕزگاری، ئازادی، کانی مام سـنج،ئاشـتی2، کۆمەڵگای ئیداری). لەم ئاستە کرداری لادان باشترین ڕێگا چارەیە جا لادانی گشتی بیت یان کەرتی یاخود بەشێک بێت و دەکرێت دابەش بکرێت بۆ دو ڕێگا :

**1/ ڕێگای لادانی نەرم و قەرەبۆکردنی لەجۆری (شوێن و خزمەتگوزاری )**

**:**ئەم ڕێگایە گونجاوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەنێو چالاّیی و ئاوەڕۆ و ناوچەی پیشەسازی دروست بونە و دورن لەهەمو پێوەرێکی تەندروستی وسەلامەتی، بەڵکو مەترسی لەسەر ژیانی دانیشتوانەکەی هەیە، بۆیە لادانی گشتی چارەنوسی ئەم ناوچانەیە هەر چەندە ئەگەر بە ئارەزوی دانیشتوانەکەی نەبێت، چونکە مەرج نیە لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی شارنشینی 100% بەئارەزوی دانیشتوان بێت هەڵبەتە پێوەر و یاسای پلاندانان هەندیک جار یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئارەزوی دانیشتوان. ئەم ڕێگا چارەیە بۆ گەڕەکی هەنجیرۆک1 و ناوچەی پیشەسازی هەلبژێردراوە، لەبەرامبەر قەرەبۆکردنی دانیشتوان بە پارچە زەوی لە 200م کەمتر نەبێت و لەو ناوچانەی کە گونجاون بۆ قەرەبۆکردنەوە ، بەجۆرێک دەبێ بەلایەنی کەم 541 پارچە زەوی دابەشبکرێت بۆ دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە (خشتەی1).

**2/ ڕێگای لادانی کاتی یاخود کەرتی** : لێرەدا بەشێک یاخود کەرتێک لە ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لادەدرێت بەتایبەتی ئەو خانوانەی کە ئاستیان نزمە لەڕوی بیناسازیەوە و بلۆکەکانی نیشتەجێبون و شەقام و کۆڵانەکانی پێچاوپێچ وئالۆزن وبێ خزمەتگوزارین، بۆماوەیەکی کاتی لادەدرێن دانیشتوان بۆ ناوچەیەکی تری نزیک یاخود دور لە گەڕەکی خۆیان نیشتەجێ دەبن، تا دوبارە ناوچەکانی خۆیان پلانی بۆ دادەنرێت و خانوەکان وخزمەتگوزاریەکان ڕێکدەخرێنەوە ودەگەرێنەوە شوێنی خۆیان، بۆ نیشتەجێبونی کاتی دەتواندرێت کابینە بەکاربهێنرێت بۆ هەرخێزانێک تاپرۆژەکان تەواودەبن. کرداری لادان بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک دەبێت، بۆنمونە قۆناغی یەکەم 4-5 بلۆکی هەڕەمەکی هەلدەبژێردرێن بۆ لادانیان دوای چاکردنەوەیان و گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ ناوچەکانی خۆیان، قۆناغی دوەم لە 4-5 بلۆکی تر دەست پێدەکات. ئەم ڕێگایە شیاوە بۆ گەڕەکەکانی ( ڕزگاری، ئاشتی2، کانی مام سنج، کۆمەڵگای ئیداری، ئازادی)، کە زەویەکانیان گونجاون بۆ نیشتەجێبون و ژمارەیەکی زۆر خانوی هەڕەمەکی دەگرێتەخۆ لادانیان بەگشتی ئەستەمە، تەنها بەشە خراپەکان هەلدەبژێردرێن، پاش نیشتەجێبونی دانیشتوان دەبێتە ناوچەیەکی فەرمی ڕێکخراو، سەبارەت بە بەشەکانی تری ئەو گەڕەکانە لە پاش تاپۆکردنیان پێویستیان بە دابینکردنی خزمتگوزاری ژێرخان و کۆمەڵاتییەکان هەیە.

لەکۆتایی ئەم تەوەرە بەدیاردەکەوێت کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ناوچەیەکی هەڕەمەکی جیاوازە بەگوێرەی ئاستەکانی نیشتەجێبون تیایاندا، ئاماری پێشکەوتو توانای دیارخستنی ئەم ئاستانەی هەیە بەشێوازی بیرکاری و پێوەنەکراو دور لەمەزندەکردنی وەسفی و بەکارهێنانی سۆز لەبریاردان بەمەش گریمانەیەکی تری توێژینەوە پەسەند دەکرێت.

## دەرئەنجامەکان:

1. شوێنی جوگرافی و ڕێژەیی شاری خەبات وبونی دەرامەتی سروشتی وپێگەی ئابوریەکەی کرۆکێکی هەژمونی دروستکردوە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان، بەتایبەتی دانیشتوانی زێدەرۆیکار.

2. دانیشـــتوانی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی 37% کۆی دانیشـــتوانی شـــاری خەبات پێکدەهێنن لەهەمو گەڕەکەکان بەربڵاون بەتایبەتی لە گەڕەکی ڕزگاری

3. هەمو گەڕەکەکانی شـــاری خەبات ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراو و هەڕەمەکی تێکەڵ بەیەکتر بوە، جیاوازی لە ڕێژەی ڕوبەرەکانیان لەهەر گەڕەکێک بەندە بە جۆری بەکارهێنانی زەویەکەی جگە لە مێژوی تاپۆکردن لە ساڵانی پێشو.

4. ناوچەکانی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی چ لەڕوی ژمارەی خانوەکانی چ لەڕوی ئەو ڕوبەرەی داگیری دەکات لە44% کەمترنەبوە لە کۆی خانو و ڕوبەری ئاواکاری شـــاری خەبات ، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە ، بەلام هێشـــتا ڕوبەری ئاواکاری پلانبۆدانراو زیاترە لە ڕوبەری دیاردەی توێژینەوە بەمەش گریمانەی یەکەمی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە.

5. تێکڕای چڕی نیشـــتەجێ کردنی هەڕەمەکی پوخت لە ناوچەکانی نیشـــتەجێی بونی هەڕەمەکی لەســـەر ئاســـتی شـــار دەگاتە 114 کەس/هکتار، لەنێو گەڕەکەکان لە نێوان (48 _ 218) کەس/ هکتار دایە لە هەردو گەڕەکی پیشەسازی و هەنجیرۆک2.

6. دروســـتبونی ناوچەکانی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی لەســـەر بەکارهێنانی زەوی جۆراو جۆر بوە، بەتایبەتی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون و خۆشگوزاری و زەوی چالایی و بەتاڵ.

7. کۆمەڵە فاکتەرێک ڕۆڵیان هەبوە لەدروســـتبون و پەرەســـەندنی دیاردەی نیشـــتەجێبونی هەڕەمەکی لەشاری خەبات وەکو فاکتەرەکانی (شوێنە نەشیاوەکان، ئاواکارییەکان، دیمۆگرافییەکان، ئابورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتی حکومەت و تێکچونی بارودۆخی سیاسی).

8. لەدەرئەنجامی بەکارهێنانی ڕێگای شیکاری فاکتەری چەند ڕاستیەک پشت ڕاست بۆتەوە لەوانە:

أ. لەکۆی 86 گۆڕاو تایبەت بە خاسـیەتە جیاجیاکانی دیاردەی نیشـتەجێبونی هەڕەمەکی تەنها 63 گۆڕاو گرینگیان هەبوە لەســـەر ئەم دیاردەیە، خۆی لە 30 فاکتەر نیشـــان داوە کە بەهاکانیان لە 1% زیاترە وبەرپرسن لەشیکردنەوەی 69,493% ی جیاوازیەکانی نێو ماترێکسی داتاکان.

ب. گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە لەڕوی گرینگی و کاریگەری لەسەر دەرخستنی جیاوازیە شوێنیەکان لەنێوان ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکیدا هەروەک لە فاکتەری یەکەم خۆی نیشان داوە، بەمەش گریمانەی دوەمی توێژینەوە ڕەتدەکرێتەوە.

ت. چارەسەری ناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی جیاواز دەبێت بە جیاوازی ئاستەکانی ئەم دیاردەیە لەگەڕەکەکاندا، کە خۆی لەسێ ئاست نیشان داوە (باش و مامناوەند و خراپ)، بەمەش گریمانەی سێیەمی توێژینەوە پەسەند دەکرێت


## پێشنیارەکان

1. پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی پێشنیارکراو بۆ ئاستی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی مامناوەند دەتوانێت خزمەت بە دانیشتوانی ئاستەکانی تریش بکات بەڵکو بەدانیشتوانی ناوچەکانی پلانبۆدانروەکانیش بەهەمان شێوە، چونکە لە بەرژەوەندی گشتی شارەکە دایە.
2. ناوچەکانی دیاری کراو بۆ قەرەبۆکردنی دانیشتوان، دەتوانرێت بۆ قەرەبۆکردنی هەرسێ ئاست بەکاربهێنرێت و بخرێتە نێو ماستەرپلانی شارەوە. سەبارەت بە تەرزی قەرەبۆکردنی دانیشتوان، یان پارچە زەوێک بێت لە 200م کەمترنەبێت بۆهەر خێزانێک، لەگەڵ برە پارەیەک لە 7000 دۆلار کەمتر نەبێت، یان دابینکردنی کەرستەی بینا بەنرخێکی هەرزان.
3. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای شارەزایان وئەکادمییەکانی پەیوەست بەم کێشەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم چارەسەرکردنانە جگە لەبەرپرسانی باڵاکانی ئەمنی و سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی کرداری لادان وبەرپەچدانەوەی هەر کردارێکی نایاسایی لە کاتی جێ بەجێ کردنی پلانەکە.
4. هاندانی کەرتی تایبەت وکۆمپانیایی بیناسازی ودەستەی وەبەرهێنان و بانکەکانی کەرتی تایبەت بۆ جێ بەجێکردنی ڕێگا چارەسەریەکان و دابین کردنی قەرزی بچوک و قەرزی درێژخایەن بۆ دانیشتوانی زێدەرۆیکار لەمیانی دروستکردنی خانوەکانیان یاخود چاککردنەوەیان.
5. پێکهێنانی لیژنەیەکی کاراو چالاک لە نێوان وەزارەتی ناوەخۆ و شارەوانی و قایمقامیەتی قەزای خەبات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری شارەکە بکرێت بۆ نەهێشتن و کۆنترۆڵ کردنی ئەم دیاردەیە. هەروەها جێ بەجێ کردنی یاساکانی سزادان بۆ کەسانی زێدەرۆیکار وڕامالینی چەکی بێ مۆڵەت کە وەکو ئامرازێکی بەرگری کردن لە کاتی زێدەرۆیی بەکاردێت لەشارکە.
6. پەرەپێدانی سیاسەتی نیشتەجێبون لە لایەن حکومەتەوە وەکو دابەش کردنی زەوی بەشێوەی دادپەروەرانە، ودروست کردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی پلانبۆدانراو ئاسۆیی وستونی هاوشێوەی شاری هەولێر.

7. نوێکردنەوەی ماستەرپلانی شاری خەبات و دروستکردنی داتابێسی ورد لەسەر هەمو بەکارهێنانی زەوی و دانیشتوان، بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆرانکاریەکانی ئیستا گونجاو بێ

## پاشکۆکان:

**پاشکۆی (1) یاسای ژمارە3 سالی 2018**



بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

ژمارەی دەرچوون: 7

مێژووی دەرچوون: 2018/2/12

پشت بە حوکمی برگەی (1) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی سالی 1992ی هەموارکراو و. لەبەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (8)ی رۆژی 12 2/ 2018 ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە لە برگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (2)ی سالی 2017 بەدەسەلاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (3)ی سالی 2018**

**یاسای رێگری لە زیادەرۆیی ولابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت**

**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانج و پیادەکردن**

**پێناسەکان**

**ماددەی (1):**

مەبەست لەم دەستەواژە و وشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: زەوی و زاری دەوڵەت: گشت ئەو زەوی و زارانەی موڵکی دەوڵەتن لە سنووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق رەگەزەکەی یان پۆلینەکەی (جۆرەکەی) هەر چییەك بێت. هەروەك لە ماددەی (یەکەم)ی یاسای یەکخستنەوەی پۆلینەکانی زەوییەکانی دەوڵەت ژمارە (53)ی ساڵی 1976ی بەرکار دیار کراوە، هەروەها ئەو زەویانەی کە تسویە نەکراون (موڵکداریان یەکلانەبوەتەوە) و بەناوی کەسەوە تۆمارنین.

چوارەم: زەوی ناو سنووری شارەوانی: گشت ئەو زەوییانەی دەکەونە ناو سنووری بڕیاردراو بۆ شارەوانییەکان لە گشت پارێزگا و قەزاو ناحیەکان بەپێی نەخشەی بنەڕەتی

**سەرچاوە / (سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگای هەولێر، 2018)**

**پاشکۆی(2) نمونەی ناوەرۆکی فۆرمی راپرسی**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

وەزارەتی خوێندنی باڵا

زانکۆی سلاحەدین

کۆلیژی ئاداب _ بەشی جوگرافیا

**فۆرمی راپرسی بەناونیشانی :**

**(هەلسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ دیاردەی نیشتەجێبونی هەرەمەکی لە شاری خەبات و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی)**

هاونیشتمانی ئازیز سلاو ڕێز :

بە بەڕێزتان ڕدەگەیێنین ئامانج لە دابەشـــکردنی ئەم فۆرمە و وەرگرتنی زانیاری تەنها بۆ کاروباری زانســـتی و توێژینەوەی خوێندی باڵایە بەهیچ شـێوەێک زانیاری ئەم فۆرمە بۆ مەبەســتێکی تر بەکارنایێت، تەنها گەیاندنی دەنگی ئێوەی بەڕێزە بۆ لایەنی پەیوەندار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانتان، بۆیە بەدڵسۆزی و ڕاستگۆی وەڵامەکان هەلبژێرن بەنیشانەی ڕاست بۆ هەر پرسیارێک یاخود بەنوسین گەر پێویست بو هاوکاریتان جێگای پێزانینە سوپاسگوزارتانین دەستان خۆشبێت.

یەکەم : ناوی گەڕەک /.........................................................

**یەکەم : زانیاری سەبارەت بەخانوەکەتان :**

1. روبەری خانو ( ) م$^2$
2. ژماری نهۆمی خانو ( چەند قاتە خانو ) : ( ) نهۆم
3. شێوازی خانو : ڕۆژهەلاتیە (مەکشوف) ☐ ڕۆژئاواییە (مقەبەت) .
4. ژمارەی ژورەکانی ناو خانو چەندە ( ئاو دەست وحەمام هەژمارمەکە) ژورە ☐
5. ژمارەی ژورەکانی نوستن؟ ( تەنها بۆ نوستن بەکاربێت) :ژورە. ☐
6. دیواری خانوەکات بەکام لەم کەرستانە دروست کراوە:

ب/ بلۆک و چیمەنتۆ ☐ أ/ تەنها قوڕ ☐ ☐

ئیتر بنوسرێت......................................... ☐ د/ کەرپوچ و چیمەنتۆ ج/ بەرد و چیمەنتۆ

7. سەقفی خانوەکەت بەکام لەم کەرستانە دروست کراوە: ☐

☐ ج/ شێلمان ☐ ب/ کاریتە ☐ أ/ شیش و چیمەنتۆ

☐ هـ / هیتر بنوسرێت ............................................................ د/ چینکۆ و جەمەلۆن

دروستک☐/ نازانم 8. مێژوی دروست کردنی خانوەکەت : ساڵی ☐

9. ئایا لەخانوەکەت ئەم ژورانە هەیە : ئەگەر هەیە نیشانەی ( √ ) ئەگەر نیە نیشانەی ( × )

☐ مەتبەخی تایبەت بە چێشت لێ نان

☐ ژوری تایبەت بە میوان ☐ باخچەی ماڵ ☐ گەراجی وەستانی ئوتۆمبێل

10 ئایا ئەم جۆرە گرفتانە لە خانوەکەت هەیە ؟ _ دەکرێت زیاتر لە وەڵامێک هەلبژێرێت) :

- بونی شەق و درز لە دیوار و سەقفی خانو ☐
- بڵاوبونەوەی شێ لەدیوار و سەقفی خانو ☐
- خراپی هەواگۆرکێ ☐
- تاریکە ڕۆژی بەر ناکەوێت ☐
- ئەندازیار نەخشەی بۆ دانەناوە ☐
- خراپی جۆری کەرستەی بینا ☐

هۆکاری تر بنوسە....................................

11. بە گوێرەی ئەو گرفتانەی لەخاڵی ( 10) هاتوە بارودۆخی تەلارسازی خانوەکەت چۆن هەڵدەسەنگێنی :

خراپە☐ مامناوەندە ☐ باشە ☐

12. موڵکداریەتی خانوەکەت چیە ؟

أ. زێدەرۆی مولک ☐ ب. زێدەرۆیی بەکرێ ☐

حالەتی تر بنوسە ..........................................

13. گەر کرێچی☐ مانگانەتان چەندە؟ دیناری عیراقی

**دوەم : زانیاری سەبارەت بە خێزان :**

1. ژماری کەسەکان لەنێو خانوەکەتان ☐ کەسە، لەوانە ☐ نێرە ، ☐ مێ یە

2. ژماری سەرخێزان لەنێو خانوەکەتان ( چەند خێزان هەیە لەماڵتان ) ☐ خێزانەیە.

3. تەمەنی ئەندامانی خێزانەکەت بنوسە :

أ. چەند کەس تەمەنیان لەنێوان ( 0 _ 14) ساڵە ☐ کەس

ب. چەند کەس تەمەنیان لەنێوان ( 15_ 64) ساڵە کەس ☐

ت. چەند کەس تەمەنیان لە ( 65 ساڵ بەرەو سەرەوەیە کەس . ☐

تێبینی تکایە : ئەوەی لەماڵەوە لەگەڵتان ناژیت مەینوسن.

4. شوێنی لە دایک بونی بەخێوکەری خێزان :

أ. ناو شاری خەبات ☐

ب. دەرەوەی شاری خەبات لە گوندی.................................. یان لەشارۆچکەی......................

سەر بەقەزای ....................... لە پارێزگای .........................................

5 . شوێنی نیشتەجێبونی پێشوی خێزان ( پێش ئیستا ماڵتان لەکوێ بو) ؟.

أ. لە هەمان گەڕەک لەکۆلانێکی تر ☐

ب. لەگەڕەکی تر بەناوی ........................................ لە شاری خەبات

ت. لەگوندی.................................. سەر بە قەزای........................................ لە پارێزگای.........................

ث. لە شارۆچکەی................................ سەر بەقەزای............................................ لە پارێزگای......................

6. چەند ساڵە لەخانوی ئێستان: ساڵە. ☐

7. خاسیەتی کارکردن و بێ کاری لە خێزان :

| | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| چەند کەس کاردەکات کەتەمەنیان لەنێوان ( 15 _ 64) ساڵی دایە | | | |
| چەند کەس کاردەکەن کەتەمەنیان لەخوارەوی ( 15) ساڵی و سەرووەی ( 64) ساڵی یە | | | |
| چەند کەس ( بێ کارە) بەدوای کار دەگەرێت وتەمەنیان لەنێوان (15 _64) ساڵی دایە | | | |

8. جۆری پیشەی ئەو کەسانەی کاردەکەن لە خێزان دیاری بکە بنوسە :

| خاوەن کار | مامۆستا | فەرمانبەر | کاسب | جۆری کاسبی | پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە | خانەنشین |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خاوەن کاری یەکەم | | | | | | |
| خاوەن کاری دوەم | | | | | | |
| خاوەن کاری سێیەم | | | | | | |
| خاوەن کاری چوارەم | | | | | | |
| هیتر بنوسە | | | | | | |

9. ئایا داهاتی مانگانەی خێزان چەندە بەهەموی ( داهاتی کارکردن و داهاتی مولَک و ماڵ لەمانگێکدا) : ( ) دیناری عیراقی

10. ئایا هەمو ئەندامانی خێزان ( ئەوانەی کاردەکەن و کار ناکەن ) لە مانگێکدا چەند سەرف دەکەن : ( ) دیناری عیراقی

11. ئاستی خوێندنی ئەندامەکانی نێو خێزان بنوسە: نەخوێندەوار ☐ کەس ، دەخوێنێ و دەنوسی ☐ کەس ، بنەرەتی ( 1_6) کەس ، ناوەندی ☐ کەس ، ئامادەیی ☐ کەس ، پەیمانگا ☐ کەس ، زانکۆ ☐ کەس. ☐

12. . ئایا ئەو نەخۆشیانە چیە کە لەناو ئەندامانی خێزان هەیە : ( دەکرێت زیاتر لە یەک نەخۆشی هەلبژێردرێت)

☐ ☐

*نەخۆشی نیە   * نەخۆشی شێر پەنجە ☐ نەخۆشی کەم ئەندامی ☐ نەخۆشی تەنگەنەفەسی ورەبۆ ☐ * نەخۆشی

*نەخۆشی هەناو و دڵ دەرونی ☐ * نەخۆشی گورچیلە ☐

* هیتر کەهەیە بنوسە..........................................................

**سێیەم/ زانیاری سەبارەت بەگەڕەک :**

1. ئایا سەرچاوەی ئاوی خاوێن لەماڵەکەتان چیە؟

أ. تۆری ئاوی میری فەرمیە ☐، ب. لە دراوسێیەکان وەردەگیرێت ☐ ج. بەتانکەر ئاودەکردرێت ☐ ، د. ئاوی ژێر زەوی (بیری ئاو) ☐ ح. پرۆژەی ئاوی خەبات ☐ .

2. ئایا سەرچاوەی وزەی کارەبا لەماڵەکەتان چیە ؟

أ کارەبای نیشتیمانی ☐ ، ب. لە دراوسێکان وەردەگیرێت ☐

ج. مۆلیدەی ماڵێ ☐ ، مۆلیدەی گەڕەک ☐

3. چۆن ئاوی پیس و ئاوەڕۆی گەڕەکەکەتان دەروات؟

أ. ئاوەڕۆی داخراوی میریە تایبەت بە ئاوی باران ☐ب. ئاوەڕۆی نیە وکراوەیە ☐

4 چۆن زبڵ و خاشاکی ماڵتان لەناودەبەن ؟

أ. لەرێگای سەتڵی خۆڵ ( تەنکەی خۆڵ) و کرێکاری شارەوانی ☐، ب. لەنزیک ماڵ فرێ دەدرێت ☐ ، ج. لەنزیک ماڵ دەسوتێنرێت ، د. لە ئاوەڕۆ و ڕێرەوی ئاوە. ☐ هـ - ڕێگای تر بنوسە کە هەتانە ☐

..................................................

5. شەقام و کۆلانی بەر دەرگای ماڵتان چۆنە؟

أ. قیرتاوە و پیادەڕێی هەیە ☐ ب. قیرتاوە پیادەڕێی نیە ☐، ج کۆنکریت و پیادەڕێی ☐ ، د. قیرتاو نیە خۆڵ و قورە ☐ .

6. ئایا بەچەند دەقە منالەکانتان بە ( پیادە _ بەپێیان) لەماڵەوە دەگەنە قوتابخانەکان :

| هەلسەنگاندن / جۆری قوتابخانە | کەمتر لە (15خولەک) | 15 –20 خولەک | 21-25 خولةک | 26_30خولەک | زیاتر لە 30 خولەک |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |
| باخچەی ساوایان | | | | | |
| بنەرەتی پۆلی (1 تا 6) | | | | | |
| بنەرەتی پۆلی ( 7-9) | | | | | |
| ئامادەیی پۆلی (10-12) | | | | | |

7.ئایا ماوەی دوری نێوان ماڵەکەتان و ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە چەند مەترە بە پیادە

| ماوەی دوری / جۆری خزمەتگوزاری | کەمتر لە ( 100مەتر ) | 101_200 م | 201_250 م | 251-300 | 301_400م | 401_500م | 501_800 م | 801 م وزیاتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی گشتی گەڕەگ | | | | | | | | |
| یاریگای مندالان | | | | | | | | |
| مزگەوتی نوێژ | | | | | | | | |
| مزگەوتی هەینی | | | | | | | | |

| بنکەی تەندروستی | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

8. جۆری پەیوەندیتان لەگەڵ دراوسێکانتان چۆنە ؟
أ. ڕێکەوتین و تەباین ☐ ، ناکۆکین و گرفتمان هەیە لەگەڵیان ☐ ، هیچ پەوەندیمان نیە ☐
9. لە گەڕەکەکەمان ئەم کێشەو گرفتانە زۆرە : ( دەتوانی زیاتر لە دانەیەک هەلبژێری)
أ. شەری نێوان دراوسێکان ☐ ، ب. دزی کردن ☐ ، ج. بێ ڕەوشتی ☐ ،
د.هۆگربون بەمادەی هۆشبەر ☐ ، ح. توندو تیژی خێزان ☐
هـ ، گرفتی تر هەیە بنوسە................................................. و ، هیچ گرفتێک بونی نیە .
10. ئایا مریشک و کۆتر ومەرو ماڵات لەماڵ و گەڕەکەتان بەخێو دەکرێت؟ بەڵێ ☐، نەخێر ☐
11. هۆکاری دەنگە دەنگ و ژاوەژاو لە گەڕەکەکەت دەست نیشان بکە: ☐
أ. یاری کردنی منداڵ لە دەرەوە ☐ ب. دانیشتنی ئافرەت و پیاوان لە کۆڵان ☐
ج. زۆری دوکانی بازرگانی ودارتاشی و ئاسنگەر وچالاکی پیشەسازی ☐
د. ئۆتۆمبێل وپیادە زۆر پێیدا دەروات ☐
ە. هیچ دەنگە دەنگ نایێت ☐

پاشکۆی(3) دیاری کردنی قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوە لەناوچەکانی نیشتەجێبونی هەڕەمەکی لەشاری خەبات ساڵی 2021

| گەڕەک | خانوی هەڕەمەکی | ژمارەی فۆرم | ژماری دانیشتوان | ژماری سەرخێزان |
|---|---|---|---|---|
| هەنجیرۆک 1 | 511 | 42 | 314 | 47 |
| هەنجیرۆک2 | 403 | 33 | 251 | 40 |
| ئاشتی 1 | 65 | 5 | 39 | 7 |
| ئاشتی 2 | 198 | 16 | 139 | 23 |
| ئاشتی 3 | 81 | 7 | 54 | 8 |
| سەروەران | 289 | 24 | 180 | 28 |
| رزگاری | 1201 | 99 | 806 | 110 |
| کانی مام سنج | 394 | 32 | 291 | 39 |
| باستم بیتەرە | 230 | 19 | 168 | 22 |
| کۆمەلگای ئیداری | 160 | 13 | 103 | 14 |
| ئازادی | 170 | 14 | 115 | 16 |
| کادیران | 120 | 10 | 72 | 10 |
| کشتوکاڵ | 463 | 38 | 306 | 45 |
| ناوچەی پیشەسازی | 30 | 3 | 23 | 3 |
| کۆمەڵگای توێژینەوە | 4315 | 355 | 2861 | 412 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بەهاوکێشەی سامبۆسن (ستیفن ثامبسون):

$$n = \frac{N \times p(1-p)}{[[N-1 \times (d^2 \div z^2)] + p(1-p)]}$$

کە دەکاتە :
نمونەی کۆمەڵگا = N
پلەی پێوانەی لە ئاستی (0.95) ویەکسانە بە
ڕێژەی هەڵە یەکسانە بە یەکسانی (0.05) = α

ڕێژەی بونی تایبەتمەندی و بێ لایەنیەکە یەکسانە بە ( 0.50) = p

: لەلایەن – V. Krejcie, and W. Morgan,(1970), p.p (607-610) .

پاشکۆی(4) شیکردنەوەی فاکتەرەکان لە پاش کرداری Rotated Component Matrix [a]

| فاکتەرەکان/ پێکهاتەکانی ناوچەی نیشتەجێبونی هەرەمەکی | شیکردنەوەی فاکتەرەکان لە پاش کرداری تدویری فاکتەرە دەرچوەکان / Rotation Sums of Squared Loadings | | | ژمارەی ئەو گۆڕاوانەی کە بەهایێکی ئاماریان هەیە |
|---|---|---|---|---|
| | بەهای-ناوەکی- Eigenvalue/ Total | ڕێژەی جیاوازی -% of Variance | ڕێژەی سەدی دوبارەبونەوەی کۆکراوی بەسەرکەتو Cumulative % | |
| 1 | 3.804 | 4.584 | 4.584 | 5 |
| 2 | 3.696 | 4.453 | 9.037 | 4 |
| 3 | 3.582 | 4.316 | 13.353 | 6 |
| 4 | 2.638 | 3.179 | 16.532 | 4 |
| 5 | 2.391 | 2.881 | 19.412 | 3 |
| 6 | 2.338 | 2.817 | 22.230 | 3 |
| 7 | 2.193 | 2.642 | 24.871 | 2 |
| 8 | 2.090 | 2.518 | 27.389 | 3 |
| 9 | 2.044 | 2.463 | 29.852 | 3 |
| 10 | 1.975 | 2.380 | 32.232 | 2 |
| 11 | 1.877 | 2.261 | 34.493 | 1 |
| 12 | 1.873 | 2.256 | 36.749 | 2 |
| 13 | 1.824 | 2.197 | 38.947 | 2 |
| 14 | 1.801 | 2.169 | 41.116 | 2 |
| 15 | 1.757 | 2.117 | 43.233 | 2 |
| 16 | 1.716 | 2.067 | 45.300 | 2 |
| 17 | 1.698 | 2.046 | 47.346 | 2 |
| 18 | 1.653 | 1.992 | 49.337 | 2 |
| 19 | 1.575 | 1.898 | 51.235 | 3 |
| 20 | 1.521 | 1.832 | 53.067 | 1 |
| 21 | 1.486 | 1.791 | 54.858 | 1 |
| 22 | 1.422 | 1.713 | 56.571 | 1 |
| 23 | 1.396 | 1.681 | 58.253 | 1 |
| 24 | 1.389 | 1.673 | 59.926 | 1 |
| 25 | 1.361 | 1.639 | 61.565 | 1 |
| 26 | 1.352 | 1.629 | 63.194 | 1 |
| 27 | 1.329 | 1.601 | 64.795 | 1 |
| 28 | 1.323 | 1.594 | 66.389 | 1 |
| 29 | 1.318 | 1.588 | 67.977 | 1 |
| 30 | 1.258 | 1.516 | 69.493 | 63 |

سەرچاوە : پشت بەست بەدەرئەنجامەکانی پرۆگرامی spss v. 23 ( Factor Analysis)

پاشکۆی(5) ماتریکسی تێربونی فاکتەرەکان ( مصفوفة تشبعات العوامل) تایبەت بەگۆڕاوەکان

| بەهای ئاماری | فاکتەری دوەم | بەهای ئاماری | فاکتەری یەکەم |
|---|---|---|---|
| +0.853 | ماوەی دوری بەپیادە لەنێوان باخچەی ساوایان خانو بەدەقە | | |
| +0.770 | ماوەی دوری بەمەتر لەنێوان بنکەی تەندروستی و خانو | +0.856 | ژماری کەسەکان لەنێو خانو |
| +0.719 | ماوەی دوری بەپیادە لەنێوان قوتابخانەی ئامادەیی و خانو بەدەقە | +0.775 | تەمەن لەنێوان ( 15_ 64) ساڵ |
| +0.629 | جۆری شەقام و کۆڵانی بەر دەرگای ماڵتان | +0.690 | نێر |
| – | – | +0.651 | ژماری سەرخێزان لەنێو خانو |
| | | +0.542 | ئاستی خوێندنی ئەندامەکانی گشت خێزان (زانکۆ) |
| **بەهای ئاماری** | **فاکتەری چوارەم** | **بەهای ئاماری** | **فاکتەری سێیەم** |
| +0.790 | بڵاوبونەوەی شێ لەدیوار و سەقفی خانو | +0.801 | ژمارەی ژورەکانی ناو خانو |
| +0.648 | بارودۆخی تەلارسازی خانوەکەت چۆن هەلدەسەنگێنی | +0.739 | روبەری خانو |
| +0.564 | بونی شەق و درز لە دیوار و سەقفی خانو | +0.720 | ژمارەی ژورەکانی نوستن |
| -0.556 | هیچ گرفت نیە | +0.696 | باخچە |
| – | – | +0.615 | گەراجی ئۆتومبیل |
| | | +0.601 | ژوری میوان |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی Spss v.23 لە پرۆگرامی Factor Analysis

پاشکۆی(6) تێکڕای نمرەی فاکتەری (درجة العوامل Factor Scores_ ) بەگوێرەی گەڕەکەکانی شاری خەبات

| فاکتەری چوارەم | فاکتەری سێیەم | فاکتەری دوەم | فاکتەری یەکەم | گەڕەک |
|---|---|---|---|---|
| 0.188 | -0.267 | -0.951 | -0.237 | هەنجیرۆک 1 |
| 0.287 | -0.120 | -0.871 | -0.066 | هەنجیرۆک2 |
| -0.247 | -0.138 | -1.811 | 0.088 | ئاشتی 1 |
| 0.222 | -0.437 | -1.221 | 0.703 | ئاشتی 2 |
| -0.165 | -0.262 | -1.122 | -0.179 | ئاشتی 3 |
| -0.067 | 0.431 | -1.013 | -1.288 | سەروەران |
| 0.100 | 0.103 | 0.912 | -0.069 | رزگاری |
| -0.091 | -0.079 | 0.872 | 0.362 | کانی مام سنج |
| -0.014 | 0.684 | 0.960 | 0.038 | باستم بیتەرە |
| -0.518 | -0.315 | 0.060 | -0.111 | کۆمەلگای ئیدداری |
| -0.697 | -0.481 | -0.522 | 0.190 | ئازادی |
| -0.420 | -0.113 | -0.384 | -0.109 | کادیران |
| -0.075 | 0.220 | -0.017 | -0.100 | کشتوکاڵ |
| 0.003 | -0.831 | 0.802 | -0.216 | ناوچەی پیشەسازی |

سەرچاوە : پشت بەست بەدەرئەنجامەکانی پرۆگرامی

spss v. 23 ) Factor Analysis(

پاشکۆی (7) ژمارەی دوبارەبونەوەی گەڕەکەکان لە هەر ئاستێکدا

| ئاستی خراب | ئاستی مامناوەند | ئاستی باش | گەڕەک |
|---|---|---|---|
| 2 | 1 | 1 | هەنجیرۆک 1 |
| 1 | 2 | 1 | هەنجیرۆک2 |
| – | 3 | 1 | ئاشتی 1 |
| 2 | 1 | 1 | ئاشتی 2 |
| 1 | 2 | 1 | ئاشتی 3 |
| – | 1 | 3 | سەروەران |
| 2 | 2 | – | ڕزگاری(*) |
| 2 | 2 | – | مام سنج(*) |
| 1 | 2 | 1 | باستم بیتەرە |
| 2 | 1 | 1 | کۆمەلگای ئیداری |
| 2 | 1 | 1 | ئازادی |
| – | 3 | 1 | کادیران |
| – | 3 | 1 | کشتوکاڵ |
| 2 | 2 | – | ناوچەی پیشەسازی (*) |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە نەخشەی 6.

(*) ئەو گەڕەکانەی کە دوبارەبونەویان هاوتایە لە نێو ئاستەکاندا، خراوەتە پاڵ ئەو ئاستەی کە بۆی گونجاوە لەلایەن توێژەران لەسەر بنەمای توێژینەوەی گۆڕەپانی و کەتواری گەڕەکەکە.

# Geographical Assessment of the Random Housing Phenomenon in Khabat City and Ways of address it

SakarbahaddinAbdullaAlmudaris[1] - HeviAbdullaAzo[2]

[1+2] Collage of Arts _ Department of Geography / Salahaddin University, of Erbil Kurdistan, Iraq.

**Abstract**

The random housing phenomenon is one of the Urban Environment's most significant problem, it is a complex issue that causes multiple problems in the cities, and it is spreading fast, therefore, scientists named it the cancerous expansion. Khabat city had its share of this phenomenon due to its strategic and economic importance. This research aims at addressing this phenomenon using advanced planning and statistical methods. The research presents three main hypothesis, most importantly: statistical methods have the capacity to address the researched problem by showing its levels to achieve the research goal. The research relied on the inductive method. The research plan included four axis in addition to an introduction. The first axis introduces a theoretical frame of the phenomenon. The second axis focuses on the special variation of the studies phenomenon, while the third axis discusses the factors affecting the spread of the phenomenon in Khabat city. The final axis studies ways and methods to address the phenomenon. Finally, the present research has shown a number of conclusions The most important one is random Residences which is in 2021 presently stated as making up of 37% of its entire population, 44% of its housing, and 44.3% of the entire areas in khabat. in all neighborhoods Kabat district has been dividid random Creation of detailed database in the Government agencies and the enforcing the law for punishing those who trespass or violate the rules in residence. excesses are the most important recommendations which has been mention in our research.

**Keyword :** Random Housing, Override, Planned Areas, Xabat City.

## سەرچاوەکان

احمد، بنار عبدالوهاب. ( 2016) هەرەمەکی نیشتەجێبون لەشاری کەلار لێکۆڵینەویەک لەجوگرافیای شار، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش، زانکۆی گەرمیان، گەرمیان.

الحداد ، هاشم یاسین حەمدەمین، و ولی، کامەران محمود. ( 2011) ئەتلەسی پارێزگای هەولێر، چاپی دوەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

أبو حلو، مسلم فايز. (2006) السكن العشوائي غير المنظم في المدن الفلسطينية - المشاكل و السياسات في ظل الظروف السياسية الإقليمية، بحث ملقى في ندوة تنمية المدن العربية في ظل الظروف العالمية الراهنة، القاهرة، ص1-26.

أبو هيجاء، أحمد حسن. (2001) نحو استراتيجية شمولية لمعالجة السكن العشوائي . الأردن حالة دراسية، مجلة الجامعة الإسلامية، المجلد 7، عدد1، غزة ، فلسطين، ص9-58.

آل مدرس، ساكار بهاءالدين عبدالله. (2003) الأنماط السكنية في مدينة أربيل _ دراسة تحليلية في جغرافية المدن، رسالة ماجستر غير منشور،كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.

البارزاني، عطوف عبد المهيمن سليمان. (2012) أثر الصادرات النفطية في النمو الاقتصادي للعراق خلال المدة (1970_ 2009) وانعكاسه على اقتصاد أقليم كوردستان العراق، أطروحة دكتوراه غير منشوره، كلية الاداره والاقتصاد, جامعة صلاح الدين، أربيل.

الجياشى، جاسم، و والي، عيقيل. (2019) التجاوزت على تصميم مدينة الوركاء الأساس، مجلة الاستاذ للعلوم ا لإنسانية الاجتماعية، المجلد 58، العدد3، بغداد، ص199-222.

حميد، منار ماجد. (2020) مشكلات البيئة الحضرية في مدينة الرفاعى _ السكن العشوائي ثلوثه أنموذجا، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة ذي قار, الناصرية.

الذيابي، محمد حامد تركي راشد. (2020) التجاوز على المخطط الأساس لمدينة الرمادي دراسة في جغرافية المدن، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار، الانبار.

زنكنة، حسن محمد حسن. (2013) العشوائيات السكنية دراسة في جغرافية المدن، دار الفراهيدي للنشروالتوزيع، بغداد.

سعيد، كامران طاهر. (2019) تحليل جغرافي لمشكلة السكن العشوائي في مدينة كويه، مجلة جامعة كويه للعلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد 2 العدد 2، ص 103-116.

الشمري، كريم كاظم حمادي. (2010) دراسة تحليلية لمشاكل البيئة الحضرية ـ مناطق مختارة من مدينة الحلة، رسالة ماجستير، معهد التخطيط الحضري والإقليمي، جامعة بغداد, بغداد.

صافيتا، محمد إبراهيم، و عطية، عدنان سليمان. ( 2006) جغرافية المدن والتخطيط الحضري، مطبعة القبس، ديمشق.

الصرفندي، فرج مصطفى. (2011) إستراتيجيات تطوير المناطق العشوائية في محافظات غزة (صالة دراسية _ المخراقة)، رسالة ماجستير، كلية الهندسة، الجامعة الاسلامية بغزة.

صالح، تونا فاضل. (2001)، مشكلة السكن وانعكاساتها الاقتصادية في مدينة أربيل( درسة ميدانية)، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، أربيل.

عبدالعظيم، أحمد عبد العظيم. (2005) العشوائيات في محافظة الاسكندرية، دراسة جغرافية تطبيقية، مجلة الإنسانيات، جامعة الإسكندرية، العدد غيرمحدد، ص1-111.

عطوي، عبدالله. (2003) جغرافية المدن، الجزء3، دارالنهضة العربية للطباعة، بيروت.

علي، أشرف علي عبده. ( 1999) المناطق المتدهورة في مدينة الجيزة ـ دراسة في جغرافية العمران، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة القاهرة، القاهرة.

عبد مجيد، مكي. (2014) أفاق التحضر السكن العشوائي _ دراسة ميدانية في مدينة كربلاء، مجلة أهل البيت، عدد 15، ص184-199

الفولي ، هبة الله عاصم على. (2007) مدى اتباع منهج ملائم في خطط تطوير المناطق المتدهورة ذات الأولوية ـ حالة الدراسة (منشية ناصر، الدرب الأحمر، مصر القديمة)، رسالة ماجستير، كلية التخطيط الإقليمي والعمراني، جامعة القاهرة، القاهرة.

القصاب، ابراهيم ، وآخرون. ( 1987) أطلس العراق
التعليمي، مطبعة جامعة الموصّل، الموصّل.

القرعاوى، حيدر عطية عبدالناصر. (2014) التحليل المكاني لواقع ظاهرة السكن العشوائي في مدينة الكوفة، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة كوفة, النجف.

كنزاع ، حاتم حمودي، و الغربي سلام خميس، (2016) استعمالات الأرض المخططة (السكن العشوائي) وأثرها على الخدمات في مدينة الكاظمية، مجلة مداد الاداب، عدد 12، ص740-772.

الموسوي، حيدر رزاق محمد الشبر. (2010) تحديد مقترحات لحل مشكلة السكن العشوائي منطقة الدراسة مدينة بغداد، مشروع الدبلوم العالي، جامعة بغداد، العراق.

الموسوي محمد عرب، التحليل الجغرافي الواقع السكن العشوائي في مدينة عمارة، (2018) مجلة دراسات العلوم الانسانية ولاجتماعية، الجامعة الأردنية، المجلد 45، العدد4، ص238-252.

الموسوى، محمد عرب. (2018) جغرافية المدن بين النظرية والتطبيق، ط1، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.

مهدي، سالم هادي. (2011) المرشدي السكن العشوائي في محافظة المثنى دراسة في جغرافية المدن، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة واسط، واسط.

مولان، كيفي أكرم. (1999) تقويم سياسات معالجة السكن العشوائي في الخرطوم الكبرى، رسالة ماجستير، كلية الهندسة والعمارة، جامعة الخرطوم، الخرطوم.

مطلك، جمال باقر، و الشبر، حيدەر رزاق محمد. ( 2016) تحديد مقترحات لحل مشكلة السكن العشوائي دارسة تحليلية لمدينة بغداد للفترة من 2003_ 2008، مجلة المخطط والتنمية، عدد33، ص84-118.

النجار، فايز جمعة، و النجار، نبيل جمعة ، والزعبي، ماجد راخي،(2010) أساليب البحث العلمي_ منظور تطبيقي، ط2، مطبعة دار حامد، عمان.

نظمي، نعمات محمد. ( 1993) الارتقاء العمراني بالمناطق المتدهورة-تقييم لتجربة منطقة زبالين منشأة الناصر بالقاهرة، رسالة ماجستير، كلية الهندسة، جامعة عين شمس، القاهرة.

هادي ، خلود علي، و حسين، شروق عبدالاله. ( 2019) التحليل الجغرافي للتجاوزات الحضرية في محافظه ديالى (مدينة جلولاء انموذجا)، عدد خاص بالمؤتمرات 2018_2019، العراق، ص243-260.

وهيبة، عبدالفتاح محمد. ( 1980) جغرافية العمران، دار النهضة العربية، بيروت.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط. (1978) الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنه 1977، محافظة أربيل، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد.

چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ بەڕێز ابراهیم، بارزان علی. ڕێکەوتی (2022/2/24)، فەرمانبەر بۆ ماوەی 17 ساڵ لە قایمقامیەتی قەزای خەبات وبەڕێوەبەری کارگێری ئێستا.

چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ بەڕێز محمد، شاخەوان. ڕێکەوتی (2022/1/12)، بەرپرسی هۆبەی هونەری لە سەرۆکایەتی شارەوانی خەبات ئەندامی لێژنەی زێدەڕۆیکردن لەشاری خەبات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر.(2021) بەشی کۆمبیوتەر، مەزندەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێربەگوێرەی ژینگە ، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان. (2009) دەستەی ئاماری هەرێم، پرۆسەی ژمارەی لێدان و گەمارۆسازی (الحصر والترقیم)، سەرژمێری گشتی دانیشتوان ونشینگەیی، هۆبەی دانیشتوان هێزی کار، بڵاونەکراوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان. (2020) دەستەی ئاماری هەرێم، نەخشەی کارگێری هەرێمی کوردستان، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان. (2021) بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، بەشی، GIS، وێنەی ئاسمانی (Quick bird 1M) شاری خەبات، بڵاونەکراوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم. ( 2018) پوختەی ڕاپۆرتی ڕوپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لەهەرێمی کوردستان، هەولێر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. (2019) هەرێمی کوردستان 2014_2018 بەنیشاندەر، هەرێمی کوردستان، هەولێر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار. (2021) بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ناحیەی خەبات، هۆبەی هونەری، داتای خانوەکانی پلانبۆدانراو وهەڕەمەکی بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.(2014) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر، هۆبەی داتاونەخشەکان، ماستەرپلانی شاری خەبات، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگای هەولێر.(2018)، هۆبەی یاسایی، یاسای ژمارە 3ی زێدەڕۆییکردن، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ. (2021) بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی خەبات، بەشی ئامار و داتا، داتای سەرخێزان و دانیشتوان، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، (2021) بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی خەبات، بەشی ئامار، داتای و دانیشتوانی ئاوارە سەرخێزان، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ. (2021) بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی خبات. بەشی ئامار وداتا ، داتای دوری نێوان شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بڵاونەکراوەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی، وەزارەتی پلاندانان. (2004) بەریوبەرایەتی ئاماری هەولێر، بەشی کومپیوتەر، ئەنجامە سەرتاییەکانی پرۆسەی ژماردن و گەمارۆسازی دانیشتوانی نیشنگەکان ، بڵاونەکراوە.

هەرێمی کوردستانی عیراق، پەرلەمانی کوردستان. (2018) بەشی کاروباری یاسایی، یاسای ژمارە (3)، 12 /2 /2018.

Feguel ,Cyril. (2007) Informal Settlements Planning Theories And Policy Making in Sub-Saharan Africa – From 'Site to People: A Crit icalL Evaluation Of Operation Murambatsvina' And 'Garikai' In Zimbabwe, Cyril Feguei, Int. J. Sus. Dev. Plan. Vol. 2, No. 4, USA.

Hanks ,Reuel. (2011) **E**ncyclopedia of Geography Terms themes and Concepts **,**ABC- Cloiopress**,** California.

Pacione ,A. Michael. ( 2002) Urban Geography A Global Perspective , 2nd edition, Rutledge , Press, New York.

Soen, Dan. 1979 New Trends In Urban Planning- Studies in Housing, Urban Design and Planning, Pergamon Press, Oxford.

UN Habitat,( 2014) A Practical Guide to Designing, Planning, and Executing Citywide Slum Upgrading Programmers, United Nations Human Settlements Programed.UN Habitat. (2020) For Better Urban future Inform Settlement in the Arab Region.

V. Krejcie, Robert, and W. Morgan, Daryle. (1970) Determining Sample Size for Research Activities - Education and Psychological Measurement, Minnesota University Press , St paul.
**https://www.facebook.com/Slemaninewsnetwork/videos/368639624806224/**

## پەراوێزەکان :

**(*)** گرفتی نیشتەجێبون = جیاوازی لەنێوان ژماری سەرخێزان و ژماری خانو لەساڵێکی دیاریکراو / ژماری سەرخێزان لەهەمان ساڵدا × 100) لە: صالح، (2001)، 106.